# چەند تێبینییەك سەبارەت بە دارشتنی پرۆژەی دەستووری هەرێمی کوردستان، لەگەڵ دەقی پرۆژەکە بەو شێوەی وەرمگێڕاوەتە کوردی

**دکتۆر نوری تاڵەبانی**

لیژنەی ئامادەکردنی پرۆژەی دەستووری هەرێمی کوردستان یەکەمین کۆبوونـەوەی لـە ١٤ ئـەیلولی ٢٠٠٥ دا بۆ دیاریکردنی سەرۆکەکەی پێکهێنا کە، لەلایەن دەستەی سـەرۆکایەتی پەرلەمانـەوە دەستنیـشانکرا. هەر لەو کۆبوونەوەدا بڕیاردرا پرۆژەکە بـە عـەرەبی بنووسـرێتەوە. بـەڵام بـە هـۆی سـەفەرکردنم بـۆ دەرەوەی وڵات بۆ بەشداریکردن لە کۆنفرانـسێکی تایبـەت بـە کـەرکوك، پێمنـەکرا بەشـداری لـە چـەند کۆبوونەوەیەکی لیژنەکەدا بکەمن کە تێیدا بەشـێك لـە ماددەکانی پرۆژەکـەیان دارشـتبوو. پـێش ئـەو سەفەرەم کە پاش یەکـەمین کۆبوونـەوەی لیژنەکـە بـوو، ئـەو نامیلکەیـەی بـە ناونیـشانی: "دەسـتووری هەرێمی کوردستان" لە سـاڵی ٢٠٠٥ دا ئامـادەم کردبـوو و لەلایـەن دەزگـای چاپەمەنی (ڕەنـج)ەوە چاپ کرابوو، بەسەر هەموو ئەندامانی لیژنەکەدا دابەشم کرد و ئاگادارم کردن کە، ڕاو بۆچوونی من لەوێـدا دیـاری کـراون. سـەبارەت بـە چـۆنیەتی دارشـتنی (پێـشەکی) پرۆژەکـە، لەگـەڵ (یاداشـتی ڕوونکردنەوە)کەدا، نزیکەی ١٢ لاپەرەیە، لە ڕۆژی دابەشکردنی پرۆژەکـەدا لـە پەرلـەمان لـە ٢٤ ئـەیلول ئەوجا چاوم پێکەوتووە. لـە ڕاستیدا، لـە دوا کۆبوونـەوەی لیژنەکـە کـە، لـە ٢٠ی حـوزەیرانی ٢٠٠٦ دا بەسترا، وەرگێڕانی ماددەکانی پرۆژەکە، بە من سپێردرا. بـەڵام لـەو کۆبوونەوەیـەدا چـەند سـەرنجێکم بـە خـەتی سوور لەسـەر ئەسـلی پرۆژەکـە، کـۆپیکران و بەسـەر ئەنـدانانی لیژنەکـەدا دابەشکران، بـە ئومێدی لێکۆڵینەوە لەسەریان پێش وەرگێڕانی بۆ کوردی، بـەڵام سـەرۆکی لیژنـە نەیخستنە بەرچـاوی لیژنەکە، گوایا پرۆژەکە دوا شێوەی وەرگرتووە و لە کۆبوونەوەکانی لیژنەکەدا دەنگ لەسەر ماددەکانی دراون و تەماشا ناکرێتەوە. بۆیە ناچاربووم لە کاتی وەرگێڕانی پرۆژەکەدا لە عەرەبییـەوە بـۆ کـوردی، لە پاڵ وەرگێرانی دەقی ماددەکان وەك ئـەوەی لـە پرۆژەکـەدا هـاتوون، سـەرنجەکانم وەك پێـشنیاز، بـە (ڕەش) لـە نێو کەوانـەدا، بەرچاویان بخەمـەوە، بـەڵکو لەلایـەن لیژنـەکەوە تەماشابکرێن. ئـەوەش لـە ڕاسـتیدا لـە بـەهای پرۆژەکـەی کـەم ناکاتـەوە، بـەڵکو دەوڵەمەنـدتری دەکـات. دەسـتووری هـەرێمی کوردستان دۆکیمـەنتێکی گرنگی قـانوونی یـە، بۆیـە پێویـستە بـە زمـانێکی قـانوونی ڕەوان دابڕێـژرێ. هـەروەها دەبـێ هـەوڵ بـدرێت بەشـی زۆری داواکارییـەکانی گـەلی کوردسـتانی تێـدا دیـاری بکرێـت. وەرگێڕانی تێکستی عەرەبی بۆ کوردی بە دەقاودەقی، بەتایبەتی تێکستی قانوونی، کارێکی ئاسان نییـە، بۆیە بەهاوکاری چـەند دۆسـتێکی زمـانزان ئـەم ئەرکـەم ئەنجامـداوە کە، لێـرەوە پـڕ بـە دڵ سوپاسیان دەکەم. کێشەیێکی دیکەی ئەم پرۆژەیە ئەوەیە نەك هەر بـە عـەرەبی ئامادەکراوە، بـەڵکو بەشـێکی بـە بیرکردنەوەیـەکی عـەرەبی دارێـژراوە، چـونکە لـە دەسـتووری عێراقـی و دەسـتووری چـەند وڵاتێکـی عەرەبییەوە وەرگیراون. بۆ نموونە، لە ماددەی هەشتەمدا ئەم ڕستەیەمان بەرچاو دەکەوێت: کە گوایا گـەلی کوردسـتان" قد اختار الاتحاد الحر بالعراق شـعبا وارضـا وسـيادة ". ئـەم ڕسـتەیە لـە دەستووری عێراقدا بەسەرماندا سەپێندراوە، بەڵام بۆ دەبێت لە دەستووری خۆمانا دووبارەی بکەینەوە و دەزانین بەو جۆرەش نییە. دەستووری هەرێمی کوردستان دەکرا لـە سـەرەتاوە بـە زمـانێکی کـوردی ڕەوان دابرێژرێت، بەتایبەتی بۆ کۆمەڵانی خەڵکی کوردستان ئامادەکرێت، تا بـە ئاسـانی لـە نـاوەرۆك و

ماددەکانی تێبگەن، بەڵام بە بۆچوونی بەشێك لە ئەندامانی لیژنەکە، زمانی یاسایی کوردیی جارێ لەو ئاستەدا نییە، کە دەستوور یان یاسای پێ دابرێژرێت!

ئەو (پێشەکی)یەی لێرەدا نوسراوە، (دیباجە)ی پرۆژە ئەسڵییەکە نییە، بەڵکو من بە شێوەیەکی کورتتر ئامادەمکردووە، دوور لە داڕشتنی پەخشان ئامێز. ئەو دیباجەیە کە بە کوردیش ئەو ناوەی بۆ دانراوە.

لە ساڵی ١٩٩٢ دا پرۆژەی دەستوورێکم بۆ ئەم بەشە ڕزگارکراوەی کوردستان ئامادەکرد و بەسەر زۆربەی قانووناسانی کوردستاندا بڵاوکرایەوە، داوایان لێکرا ڕاو وسەرنجی خۆیان دەربڕن. لەو دەمەوە بە بەردەوامیی لەگەڵ کۆمەڵێك لە قانووناس و کەسانی دیکە هەوڵدراوە دەستوورێك بۆ هەرێم پەسەندبکرێت، پێش دانانی دەستووری عێراقی. لە پەرلەمانی کوردستاندا ٥٩ ئەندام، لە هەموو گرووپەکانی ناو پەرلەمان، لە حوزەیرانی ٢٠٠٥ دا داوایان لە سەرۆکایەتی پەرلەمان کرد تا لیژنەیەك بۆ دارشتنی ئەو دەستوورە پێکبێت، بەڵام دواخرا، تا دەستووری عێراقی پەسەندکردا. ئەگەر دەستووری هەرێمی کوردستان پێشتر پەسەندبکرابا، ئێستاکە وەك ئەو قانوونانەی کە پەرلەمانی هەرێمی کوردستان لە ساڵی ١٩٩٢ ەوە پەسەندی کردوون، ئەوا دەستووری تازەی عێراق، بە پێی ماددەی ١٤١، دانی پێدا دەنا.

ئەو پرۆژە دەستوورەی کە لە ساڵی ١٩٩٢ دا ئامادەکرابوو، لەلایەن کۆمەڵێك لە قانووناسەوە دەوڵەمەندتر کرا، پاشتر لەلایەن "دەستەی قانوونی باڵا"وە، کە دەزگایێکی فەرمی بوو، خۆمیش تێیدا ئەندام بووم، لێکۆڵنەوەی لەسەرکرایەوە و بە نووسراوێکی فەرمی پێشکەشی سەرۆکایەتی پەرلەمان و حکومەتی ئەو سەردەمەی کوردستان کرا. (٣٣) ئەندام پەرلەمان، لە هەردوو فراکسیۆنە سەرەکییەکەی، داوایان لە سەرۆکایەتی پەرلەمان کرد گوفتووگۆی لەسەربکرێ، بەڵام لەوە دەچێ لەبەر بارودۆخی سیاسی ئەو سەردەمە، داواکاریەکەیان پشت گوێ خرا و پرۆژەکە نەخرایە بەردەم پەرلەمان. بۆ بیرخستنەوە، چەند تێرمێك وەك (پەرلەمانی کوردستان) و (سەرۆکی هەرێمی کوردستان)، لە پاڵ دانان بە مافی چارەنووس بۆ گەلی کوردستان و دامەزراندنەوەی دەوڵەتی عێراق لەسەر بنەمای ڕێکەوتنی ئارەزوومەندانە، لەو پرۆژەیەدا هاتبوون. پرۆژەکە لە سەرەتادا بە ئۆفسێت، لە چاپخانەی زانکۆ لە هەولێر، چاپکرا، لە ساڵی ١٩٩٨ دا لەلایەن چەند قانووناسێکەوە کرایە کوردی و جارێکی دیکە بڵاوکرایەوە. لە ساڵی ١٩٩٩ دا هەمان پرۆژە لە لەندەن، تەرجمەی ئینگلیزی کرا. زانکۆی(Prinstin)ی ئەمریکی و ئەنستیتوی عێراقی لە واشنتۆن، لە ئەیلولی ١٩٩٤ دا، کۆنفرانسێکی تایبەت بە لێکۆڵنەوە لەسەر پاشەرۆژی دەستووریی عێراق ڕێکخست. لەو کۆنفرانسەدا بابەتێکم سەبارەت بەو پرۆژەیە پێشکەش کرد و لێکۆڵینەوەی لەسەرکرا. چەند مامۆستایێکی ئەمریکی پۆزیتیڤانە پرۆژەکەیان هەڵسەنگاند، بە پێچەوانەی هاوڵاتییانی عێراقی، لە بەشداربووانی کۆنفرانسەکە، کە لە پێشکەشکردنی بابەتەکە نارەحەت بوون. دەقی پرۆژەکە بە کوردی، لەگەڵ ئەو پرۆژەیەی کە، لە پەرلەمانی هەرێمی کوردستان بە هاوکاری ئەندامانی لیژنەی قانوونی لە کۆتایی ساڵی ٢٠٠٤ دا ئامادەکراوە، کە لە راستیدا پێداچوونەوەیەك بوو بە پرۆژەی دەستووری ساڵی ٢٠٠٢، لەو نامیلکەیەدا بەرچاو دەکەوێت، کە لە ژێر ناوی:"پرۆژەی دەستووری هەرێمی کوردستانی عێراق"،

لەلایەن چاپخانەی ڕەنج، لە ساڵی ٢٠٠٥، بڵاوكراوەتەوە. لە ماددەی (١١) ئەو پرۆژەیەدا هاتووە"هیچ قانوونێكی فیدراڵی ڕەوایی وكاریگەریی لە هەرێمی كوردستاندا نابێ، بە بێ ڕەزامەندبوونی پەرلەمانی هەرێمی كوردستان"، لە ماددەی (١٧) هاتووە، كە بە بێ ڕەزامەندبوونی حكومەتی هەرێمی كوردستان، هیزێكی چەكداری هەرێمی كوردستان ڕەوانەی دەرەوەی هەرێم ناكرێت و ڕێگاش بە هاتنی هێزی چەكداری فیدراڵ نادرێت بێتە ناو هەرێمی كوردستان.

لەسەرەتای دەست بەكاركردنی لیژنەی ئامادەكردنی پرۆژەی دەستووری هەرێمی كوردستان، پێشنیازی دارشتنی پرۆژەكەم بە زمانی كوردی كرد. پاشان كە پرۆژەكە تەواوكرا، پێشنیازمكرد تێكستە كوردییەكەی دەستوورەكە بكرێتە تێكستی بنەماو سەرەكی، نەك عەرەبیەكەی، چونكە (كوردی) زمانی فەرمییە و لەوێدا داواكارییەكانی گەلی كوردستان و مافە ڕەواكانی بە ڕوونی دادەڕێژرێن.

لە كاتی وەرگێڕانی پرۆژكەدا بۆ كوردی، چەند وشەیەكم بەكارهێناوە كە بە راستیان نازانم، وەك"یاسا" لەجیاتی"قانوون" و"پارێزگا" لەجیاتی"ئوستان"و "قەزا" لەجیاتی "ناوچە" و ناحیە" لەجیاتی "كەنار"، چونكە ئێستا ئەو وشانە بەكاردێن.

ئەو پێشنیازانەی لەسەر تێكستە عەرەبییەكە، لە ٢٠ی حوزەیرانی ٢٠٠٦ دا بە لیژنەكەم داون، لە ٢٢ی ئابی ٢٠٠٦ دا، لەكاتی پشووی پەرلەماندا، لیژنەكە بەشێكی كەمیانی پەسەندكردووە. ئەو كۆبوونەوەیە بە ئامادەنەبوونی نزیكی سێ یەكی ئەندامانی لیژنەكە، كە یەكێكیان من بووم، بەستراوە. لەو كۆبوونەوەدا كۆمەڵێك دەستكاری بنەڕەتی لە پرۆژەكەدا كراون، بە زێدەكردنی نزیكەی ١٥ مادده و بڕگەی نوی، لەگەڵ دەستكاریكردنی چەند بڕگەیەكی دیكە. لە ٢٧ی ئابدا، پرۆژەكەم بە وەرگێڕاوی و بە چاپكراوی، بەو دەقەی لە ٢٠ی حوزەیران پێمدرابوو، دامە لیژنەكە، بەڵام سەرنجی خۆمم لەسەر بەشێك لە ماددەكان نووسیبوو، لە ٣٠ ئابدا پرۆژەیەكەیان پێدامەوە، بەڵام بەو دەستكاریانەی كە لە ٢٢ی ئابدا كرابوون. لە ١١ ئەیلول ٢٠٠٦ دا پرۆژەكەم جارێكی دی بە چاپكراوی دایەوە بە لیژنەكە، بەڵام بە بێ ئاگاداریكردنم داوا لە چەند ئەندامێكی لیژنەكە كرابوو بە كوردییەكەیدا بچنەوە، كە ئەوەش كارێكی چاكە، بەڵام دەبوو ئاگاداربكرێمەوە، تا منیش هاوكارییان بكەم و پێكەوە پێداچوونەوەكە بكرێت. ئەگەر ئەو پێداچوونەوەیە پێكەوە ئەنجامبدرابا، ئاكامەكەی باشتر دەبوو، چونكە ئەو هەڵانەی ئێستا لە كوردییەكەی پرۆژەكەدا بەرچاو دەكەون، كەمتر دەبوون. وەك ئەندامێكی پەرلەمان، لە ٢٤ی ئەیلولدا ئەوجا چاوم بە پرۆژەكە كەوت، كە بەداخەوە دەستكاری زۆر لە كوردیەكەیدا كرابوو. لێرەدا وەك نموونە، چەند دەستكارییەك دەخەمە بەرچاو. وشەی (ادارة) كە بەرامبەرەكەی (بەڕێوەبەرایەتی)م بۆ دانابوو، كراوە بە (كارگێڕی). (كۆڕی زانیاری كوردی) دەمێكە وشەی (بەڕێوەبەرایەتی)بۆ (ادارة) داناوە و وشەی (كارگێڕی) بۆ (ادارة الاعمـال). بەم شێوە (سنووری بەڕێوەبەرایەتیی پارێزگا)، كراوە بە (سنووری كارگێڕی پارێزگا)، (بەڕێوەبەر) كراوە بە (كارگێڕ). لە ماددەی یەكەمدا، وشەی (دەستاودەستكردن)ی دەسەڵات، كراوە بە (ئاڵوگۆڕكردن)، كە پێكهاتووە لە دوو وشەی (ئاڵ)، كە وشەیێكی توركییە، بە واتای (وەرگرە)، لەگەڵ (گۆڕ). ئەم وشەیە لە كاروباری بازرگانیدا زۆر بەكاردێت. لە بڕگەی یەكەمی ماددەی چل و نۆدا، وشەی "هاوسەرێتی"، كە ڕێز بەو پابەندبوونە دەدات، وشەی "گرێبەستی"بۆ زیادكراوە و كراوە بە "گرێبەستی هاوسەرێتی"،

وەك "گرێبەستی" كڕین و فرۆشتن. وشەی "گرێبەست" تازە كەوتووەتە ناو زمانەكەمانەوە و وەرگێڕانی دەقاودەقی وشەی (عقد)ی عەرەبییە. كورد، كە باس لە ڕێككەوتن بكات دەڵێ فلانە كەس ڕێككەوتووە، نالێ "گرێی بەستووە"! وشەی "ڕێككەوتن" كە (اتفاق)ی عەرەبی و (contract)ی ئینگلیزی یە، هەمان واتا دەبەخشێت. مەرج نییە وشەیەك لە زمانی عەرەبیدا هەبێ، لە كوردیدا بەرامبەری هەبێ، چونكە هەموو زمانێك تایبەتمەندیی خۆی هەیە. لە وەرگێڕاندا، ئەو بەرێزانە وشەو زاراوەی عەرەبییان بە دەقاودەقی كردووە بە كوردی، بە بێ ڕچاوكردنی تایبەتمەندیەتی زمانی كوردی.

لەم پرۆژەی دەستوورەدا كۆمەڵێك پرنسیپی گرنگ چەسپێندراون، بەڵام بەشێكیان پێویستە بە شێوەیەكی باشتر دابرێژرێنەوە، یان كورتتر بكرێنەوە، یان رستەكە زۆر درێژە چاكترە دابەشبكرێت بەسەر چەند بڕگەیێكدا. دەبێ ئەوەش لەبیر نەكرێت كە ئەم دەستوورە لە پاش پەسەندكردنی دەستووری عێراق ئامادەكراوە، ئەو ئازادییەی پێشتر هەمان بووە، ئێستا كەمترە. چەند ماددەیێكی دەستووری عێراقی، بەتایبەتی ماددەی ١١٠ چەند دەسەڵاتێكی حەسریی داوەتە حكومەتی ناوەندی، بۆیە ناكرێت لە دەستووری هەرێمدا دژایەتی ئەو ماددەیە بە زەقی بكرێت. چەندەها پرنسیپی گرنگ و چاك لە پرۆژەكەدا چەسپێنراون، وەك دیاریكردنی سنووری هەرێمی كوردستان بە پێی مێژوو و جۆگرافیا، هەرچەندە لە بڕگەی دووەمی هەمان ماددەی دووەمدا هاتووە، كە پشت بە ماددەی ١٤٠ دەستووری عێراقی دەبەستڕێت بۆ دەستنیشانكردنی سنووری هەرێم، كە بەلای منەوە راست نییە، چونكە ئەو ماددەیە میكانیزمێكی بۆ نەهێشتنی ئاسەواری سیاسەتی بە عەرەبكردنی دیاریكردووە، نەك سنووری هەرێمی كوردستان. دەبێ ئەوەش لەبیر نەكرێت، كە ناحەزانی كورد تا كۆتایی ساڵی ٢٠٠٧ دا هەموو جۆرە كۆسپێك لەبەردەم جێبەجێ كردنی ماددەی ١٤٠ دروستدەكەن، ماوەیێكە باس لە دواخستنی جێبەجێ كردنی دەكرێت، لە عێراق و لە دەرەوەیدا. دواخستنی چارەسەركردنی مەسەلەی كەركوك بۆ ماوەیێكی دی بە واتای لە دەستدانی دەخوێندرێتەوە.

**دانان بە مافی چارەنووس بۆ گەلی كوردستان و چەسپاندنی پرنسیپی دامەزراندنەوەی دەوڵەتی عێراق - بەو شێوەی پێشنیازی نووسینەوەی ماددەی هەشتم كردووە - لەسەر بنەمای ڕێككەوتنی ئارەزوومەندانە، لەگەڵ مافی داواكردنی ڕیفەراندۆم لەلایەن لەسەدا بیست و پێنجی ئەو كەسانەی مافی دەنگدانیان هەیە و چەندەها پرنسیپی دی، كە لە بڕگەكانی چوارەم وپێنجەم و شەشەمی ماددەی ١١٣ دا هاتوون، سەبارەت بە سامانی نەوت و گاز لە كوردستاندا، لەگەڵ ماددەكانی دەروازەی دووەم و دامەزراندنی دادگەیێكی دەستووری لە هەرێمی كوردستاندا، هەموو ئەمانە دەستكەوتی زۆر گەورەن و دەبێ شانازی پێوە بكرێ.**

پێم باشە لەگەڵ دەقی پرۆژەكەدا بەو شێوەیەی وەرمگێڕاوەتە سەر كوردی، سەرنجەكانیشم بڵاوبكەمەوە، كە پێشتر بە نووسراوی بە لیژنەكە پێشكەش كرابوون.

## دەقی پرۆژەی دەستووری هەرێمی كوردستان و پێشنیازەكانمان

**بەناوی خوای بەخشندە و میهرەبان**

### پێشەكی

{لەدێر زەمانەوە کورد لەم ناوچە جیۆگرافیایەی بە کوردستان ناسراوە، دەژیت.  ماوەیەکی زۆر وڵاتەکەی لە ژێر دەسەڵاتی چەند دەوڵەتێکی داگیرکارو ستەمکاردا ماوەتەوە. کاتێك سەرۆکی ئەمریکا (ویدرۆ ویلسن) لە کۆنگرەی ئاشتی دا، کە ساڵی ١٩١٩ لە پاریس بەسترا، پرەنسیپی مافی گەلان بۆخۆ دیاریکردنی چارەنووسیان پێشنیازکردو ناوی گەلی کوردیشی وەك یەکێك لەو گەلانە هێنا، ئومێدێکی موژدەبەخشی بە کورد دا.

پەیماننامەی (سێڤر)ی نێو دەوڵەتیی ساڵی ١٩٢٠، لە برگەکانی (٦٢ و ٦٣ و ٦٤) دا، باس لە چارەسەرکردنی مەسەلەی کورد دەکەن، لەسەر بنەمای مافی دیاریکردنی چارەنووسی ئارەزوومەندانەی خۆیان، بەوەی وەك نەتەوەیەك دەتوانێت ئایندەی خۆی دیاری بکات.  جێی داخە، بەرژەوەندی چەند دەوڵەتێکی زلهێز لەگەڵ ئەوەدا نەبوو، کە قەوارەیەکی سیاسی بۆ کورد دابمەزرێت، بەڵکو وڵاتەکەیان دابەشبکرێت و بەشێك لەخاکی کوردستان بە دەوڵەتی عێراقەوە بلکێندرێت، کە لە ساڵی ١٩٢١ دا، لە دوو ویلایەتی بەغداو بەسرە، دروستکرابوو.  لکاندنی ئەو بەشەی کوردستان بە دەوڵەتی عێراقەوە لە ساڵی ١٩٢٥ دا، بە پێی بڕیاری ئەنجومەنی کۆمەڵەی نەتەوەکان، بوو.  بەڵام هەر لەو بڕیارەدا چەند مەرجێك دیاریکرابوون، کە پەیوەندییان بە مافی کوردەوە هەبوو، دەبوایە دەوڵەتی عێراق جێبەجێیان بکات.  کاتێك کۆمەڵەی نەتەوەکان، لە ساڵی ١٩٣٢ دا، بڕیاری بە ئەندام وەرگرتنی دەوڵەتی عێراقی لەو دەزگا نێودەوڵەتیە دا، جارێکی دی جەختی لەسەر ئەوە کردەوە کە دەبێت بەو مەرجانەوە پابەندبێت و جێبەجێیان بکات.  لەو بڕیارەدا ئاگاداری دەوڵەتی عێراق کراوەتەوە کە بەبێ ڕەزامەندبوونی کۆمەڵەی نەتەوەکان، ناتوانێت کارێکی وا بکات، ببێتە هۆی هەڵوەشاندنەوەی ئەو بڕیارە نێودەوڵەتییە.  پێش پەسەندکردنی ئەو بڕیارە نێو دەوڵەتیەش، حکومەتی عێراق و بەریتانیا، لە ڕاگەیاندنێکی هاوبەشدا، کە لە ٢٥ی کانوونی یەکەمی ١٩٢٢ دا بڵاوکرابووەوە، داوایان لە سەرانی کورد کردبوو، ئەگەر بچنە پاڵ دەوڵەتی عێراق، ئەوا دەتوانن حکومەتێکی تایبەت بە خۆیان دابمەزرێنن و ئەو دوو دەوڵەتەش ئامادەن پێشوازی لە نوێنەرەکانیان بکەن، بە مەبەستی گفتوگۆکردن سەبارەت بە جۆری دامەزراندنی ئەو حکومەتەو دیاریکردنی سنووری جیۆگرافیای دەسەڵاتەکانی و دەستنیشانکردنی پێوەندی سیاسی و ئابورییان، بە حکومەتی ناوەندەوە.  کەواتە دەوڵەتی عێراق، لەسەرەتای دامەزراندنییەوە، تا وەرگرتنی وەك ئەندام لە کۆمەڵەی نەتەوەکان دا، پابەندبووە بە چەند بڕیارێکی نێو دەوڵەتیی و دوو قۆڵییەوە، کە سەرچاوەکانیان قانوونی نێو دەوڵەتی بوون و دان بە ڕەوایی داواکارییەکانی گەلی کوردستاندا دەنێن، تا لەو ڕێگایەوە بە مافە نەتەوەییە تایبەتیەکانیان، بەهرەمەند بن.

حکومەتە بەرودواکانی عێراق، لەسەردەمی پاشایەتییەوە، تا سەردەمی کۆماریی، هیچیان بەو ئەرکە نێودەوڵەتیانە پابەند نەبوون و جێبەجێیان نەکردووە.  ڕێککەوتنامەی ١١ی ئاداری ١٩٧٠ کە دانی بە ئۆتۆنۆمی بۆ ناوچەیەکی کوردستاندا نابوو، ماوەیەك پاش مۆرکردنی لەلایەن حکومەتەوە تەگەرەی بۆ دروستکرا ، لەوانە پەیڕەوکردنی سیاسەتی کۆچ پێکردنی کورد لە بەشێك لە خاکی باوو باپیرانیان. ڕژێمی بەعسی پاشتر سیاسەتی قڕکردنی بەکارهێنا، کە ئاکامەکەی بووە هۆی کاولکردنی بەشی هەرە زۆری گوندەکانی کوردستان و گواستنەوەی دەیان هەزار دانیشتووانی ئەو گوندانە، بۆ کۆمەڵگاکانی زۆرە ملێ.  ئەو  ڕژێمە نزیکەی چوارسەد هەزار کوردی فەیلی بۆ خاکی ئێران وەدەرنا و پاشتر  تاوانی ئەنفالی بەدناوی ئەنجامدا، کە بووە هۆی لەناوبردنی نزیکەی دوو سەد هەزار مرۆی سڤیل، کە بەشی زۆریان لە بیابانەکانی خوارووی عێراقدا، زیندە بەچاڵ کران.

ئەنجومەنی ئاسایشی نەتەوە یەکگرتووەکان لە نیسانی ١٩٩٢ دا، بڕیاری ژمارە (٦٨٨)ی پەسەندکرد، کە زیاتر بۆ پاراستنی گەلی کوردستان بوو، لە کردارە نامرۆڤایەتییەکانی حکومەتی عێراق. بەڵام ئەو بڕیارەش نەبووە هۆی ڕاگرتنی ئەو کردارانەی رژێم، کە تادەهات سیاسەتی کوشتن و گۆرینی باری دیمۆگرافی لەو ناوچانەی کوردستان چڕتر دەکردەوە کە لە ژێردەسەڵاتیا مابوونەوە.

لە مانگی ئەیلولی ١٩٩١دا حکومەتی عێراق دەزگاکانی بەڕێوەبەرایەتی لە "ناوچەی ئۆتۆنۆمی" کێشایەوە، بە مەبەستی کێشە دروستکردن لەو ناوچەیەداو ئابلۆقەی سەربازیی و ئابووریی خستە سەر، بۆیە سەرکردایەتی سیاسیی کورد بڕیاری سازدانی هەڵبژاردنی دا، تا دانیشتووانی ئەو ناوچەیە، نوێنەرانی خۆیان دیاریبکەن. پەرلەمانی هەڵبژێردراوی هەرێمی کوردستان، لە ٤ی تشرینی یەکەمی ١٩٩٢، بە تێکرای دەنگی ئەندامانی، فیدرالیزمی وەك دارشتەیەك بۆ دەستنیشانکردنی پێوەندی دەستووریی نێوان هەرێمی کوردستان و حکومەتی عێراق، پەسەندکرد. ئەم بڕیارە لەگەڵ هەموو ئەو سەرەتا و پەیماننامە نێودەوڵەتیانەدا دەگونجێت کە بۆ دیاریکردنی چارەنووسی خۆیان کە دان بە مافی گەلاندا دەنێن.

ئەو سیستمە فیدرالییەی لەلایەن پەرلەمانی هەرێمی کوردستانەوە پێشنیازکرا، باشترین سیستمی دەستوورییە بۆ کۆمەڵگایەکی فرە رەگەزیی و ئایینزایی، وەك کۆمەڵگای عێراق، چونکە پێکەوە ژیانیان دابین دەکات.

گەلی کوردستان مافی خۆیەتی گەر شێوازی بەڕێوەبردنی کاروباری خۆی، بە دەستوورێکی تایبەت بە هەرێمی کوردستان، دیاری بکات کە ئەمەش دەستووری دەوڵەتی عێراقی یەکگرتوو لە ماددەی ١٢٠ دا، دانی پێداناوە.

بۆ دەستەبەرکردنی دەسەڵاتە تایبەتییەکانی هەرێمی کوردستان و شێوەی ڕێکخستنی پەیوەندی نێو دەزگاکانی، ئەم دەستوورە لە لایەن گەلی کوردستانەوە پەسەندکراوە}.

{ئەم (پێشەکی)یە (دیباجە)ی پرۆژە عەرەبییەکە نییە، پێشتر پێشنیازم کردبوو بۆ لیژنەکەوە}

## دەروازەی یەکەم

## بنەما سەرەکیەکان

**ماددەی یەکەم:**

هەرێمی کوردستان، هەرێمێکی یەکگرتووە {فیدرالە}لە دەوڵەتی عێراقی یەکگرتوودا، کە سستمە سیاسییەکەی کۆماریی و پەرلەمانیی و دیموکراسییە لەسەر بنەمای فرە لایەنیی سیاسیی و دەستاودەستکردنی ئاشتییانەی دەسەڵات و پرنسیپی جیاکردنەوەی دەسەڵاتەکان، دامەزراوە.

**{لە کۆبوونەوەی ٢٢ی ئاب، وشەی (یەکگرتوو) کراوە بە فیدراڵ}**

**ماددەی دوو:**

یەکەم: کوردستانی – عێراق، لە پارێزگای دهۆك بە سنووری بەڕێوەبەرایەتی ئێستای و سنووری بەڕێوەبەرایەتی پێش ساڵی ١٩٦٨ی پارێزگاکانی کەرکوك و سلێمانی و هەولێر و قەزاکانی ئاکرێ و شێخان و شەنگار و تەلەعفەر و تلکێف و قەرەقۆش و ناحیەکانی زومار و باشیقە و ئاسکیکەڵەك لە پارێزگای نەینەواو و هەردوو قەزای خانەقین و مەندەلیی لە پارێزگای دیالە و قەزای بەدرە و ناحیەی جەسسان لە پارێزگای واسیت، پێکدێت.

**{ له کاتی چاوگێڕانەوە بە وەرگێڕانی دەقە کوردییەکەدا، ڕستەی (بە سنووری کارگێڕی پێش ساڵی ١٩٦٨)یان، لە کۆتایی ماددەکەدا، دووبارە کردووەتەوە، کە زیادە}.**

دووەم: بۆ دیاریکردنی سنوری بەڕێوبەرایەتی هەرێمی کوردستان، پشت بە ماددەی ١٤٠ ی دەستووری یەکگرتووی عێراق، دەبەسترێ.

**{بڕگەی دووەمی ئەم ماددەیە بە زیادی دەبینم، چونکە گومان دەخاتە سەر سنوری هەرێمی کوردستان بەو شێوازەی لە بڕگەی یەکەمدا، بە پێی جۆگرافیاو مێژوو، دیاری کراوە. پشت بەستن بە ماددەی ١٤٠ بۆ دیاریکردنی سنووری هەرێمی کوردستان ئەوە دەگەێنێت، کە ئەگەر ئەو ماددەیە بەو شێوەیەی کورد داوای دەکات، جێبەجێ نەکرێت و بەشێك لەو ناوچانە نەخرێتە سەر سنوری هەرێمی کوردستان، دەبێ قایل بێت و دەست لە کوردستانیەتی ئەو ناوچەیە هەڵبگرێت، کە ئەوەش قبوولْ ناکرێت. لە سوریا، لە ساڵانی سییەکانی سەدەی ڕابوردوودا، هەردوو پارێزگای (ئەسکەندرونە)و (ئەنتاکیا) بوون بە بەشێك لە تورکیا، بەلاَم سوریا ئێستاش ئەو دوو پارێزگایەی بە بەشێك لە سوریا دەزانێ. پابەندبوون بە ماددەی ١٤٠ی دەستووری عێراقی بۆ دیاریکردنی سنووری هەرێمی کوردستان ڕاست نییە، چونکە ئەو ماددەیە بۆ چارەسەرکردنی کێشەیەکی دی داڕێژراوە، کە نەهێشتنی شوێنەواری سیاسەتی بە عەرەبکردنی لەو ناوچانەی لە ژێر دەسەلاتی ڕژێمدا بوون، نەك دیاریکردنی سنوری هەرێمی کوردستان}.**

سێیەم: هاولاَتیانی ناوچە دابڕاوەکانی کوردستان، پاش گەڕانەوەیان بۆ سەر هەرێمی کوردستان پە پێی ماددەی ١٤٠ی دەستووری عێراقی، هەمان ماف و ئەرك و ئەو دەستەبەرییانەی لەم دەستوورەدا بۆ هاولاَتیانی هەرێمی کوردستان دیاریکراون، ئەوانیش دەیانبێت.

**{هاولاَتیان کراوە بە "ڕۆڵەکان"، چونکە لە عەرەبییەکەدا دەڵێ (ابنـاء). ئەم بڕگەش، کە لە کۆبوونەوەی ٢٢ ئابدا خراوتە سەر پرۆژەکە، بە زیادەی دەزانم، چونکە لە ڕووی دەستوورییەوە هاولاَتیانی ناوچە دابڕاوەکانی کوردستان هەمان ماف و ئەرك و ئەو دەستەبەرییانەی لەم دەستوورەدا بۆ هاولاَتیانی هەرێمی کوردستان دیاریکراون، ئەوانیش دەیانبێت، لەو کاتەوە، کە ئەو ناوچانە دەبنەوە بە بەشێك لە هەرێم. لە دەستووردا هەموو وشەو ڕستەیەك دەبێ واتای خۆی پێبدرێ، بێ زێدە و کەمی. ئەم ڕستەیە وەك ئەوە وایە لە یاسای هەڵبژاردنی پەرلەماندا بنووسرێت "ئەندامە تازەکانی پەرلەمان هەمان مافی ئەندامانی ئێستایان دەبێ"! جگە لەوەش، ئەم بڕگەیە جارێکی دی ئاماژە بە ماددەی ١٤٠ دەستووری عێراقی دەکاتەوە بۆ دیاریکردنی سنووری هەرێمی کوردستان، کە وەك پێشتر ئاماژەمان بۆکردووە، کارێکی ڕاست نییە.}**

**ماددەی سێ:**

هەرێمێکی نوێ لەناو هەرێمی کوردستان، دروست ناکرێت.

**ماددەی چوار:**

یەکەم: گەل سەرچاوەی دەسەلاَتەکانەو بنچینەی ڕەوایەتییانەو لە ڕێگای دامەزراوەگەلی دەستووریی بەکاریان دێنێ. دەستووری هەرێمی کوردستان ویاساکانی، لەو یاسایانەی لەلایەن حکومەتی عێراقەوە

دەردەچن، سەروەرترن، جگە لەو بوارانەی تایبەتن بە دەسەڵاتی حکومەتی عێراق کە لە ماددەی ١١٠ دەستووری کۆماری عێراقی یەکگرتوودا، هاتوون.

{یاسا لەلایەن حکومەتی عێراقەوە دەرناچێ، بەڵکو لەلایەن ئەنجومەنی نوێنەرانەوە، چونکە حکومەتی عێراق دەزگای قانوون دانەر نییە}.

دووەم: لە حاڵەتی دروستبوونی ناکۆکی لەنێوان یاساکانی هەرێم و یاساکانی دیکەدا، دادگەکانی هەرێم دەبێ کار بە دەستوورو یاساکانی هەرێم بکەن، تا ئەو دەمەی یاساکە پووچەڵ یان هەموار دەکرێتەوە لەلایەن پەرلەمان، یان هەڵدەوەشێتەوە لەلایەن دادگەی دەستووریەوە.

{لەم برگەدا باس لە پووچەڵکردنەوە یان هەڵوەشاندنەوەی یاساکانی هەرێم کراوە، بە بڕیاری پەرلەمان یان دادگەی دەستووریی، ئەمەش وەك لە زمانی قانوونیدا پێی دەوترێت، "تەحسیل حاسله"، چونکە هەموو بڕیارێکی پەرلەمان یان دادگەی دەستووری، دەبێ دادگەو دەزگەکانی هەرێم ملکەچی بن وجێبەجێی بکەن، ئەگینا یاسا سەروەر نابێ. ئەم دەستوورە دۆکیمەنتێکی یاساییە پێویستە وشەو رستەکانی زێدەو کەمییان تێدا نەبێت}.

{ پێشنیاز دەکەم ئەم ماددەیە بەسەر سێ برگەدا، بەم شێوەی خوارەوە، دابەش بکرێت:

یەکەم: گەلی کوردستان سەرچاوەی دەسەڵاتەکانە و بنچینەی ڕەوایەتییانەو لە ڕێگای دامەزراوەگەلی دەستووریی هەرێمەوە، پیادە دەکرێن.

دووەم: ئەو یاسایە فیدراڵییانەی لەلایەن ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراقەوە دەردەچن، تا پەرلەمانی هەرێمی کوردستان پەسەندیان نەکات، لە هەرێمی کوردستاندا کاریان پێناکرێت.

سێیەم: لە حاڵەتی دروستبوونی ناکۆکی لەنێوان یاسایێکی هەرێم و یاسایێکی فیدرالی دا، دادگەکانی هەرێم کار بەم دەستوورەو یاساکانی هەرێم دەکەن}.

**ماددەی پێنج:**

پەرلەمانی هەرێمی کوردستان بۆی هەیە هەر یاسایەك لە حکومەتی یەکگرتووی عێراقەوە دەربچێت، تەنانەت ئەگەر لە دەسەڵاتە دیاریکراوەکانی ماددەی ١١٠ی دەستووری یەکگرتووشدا نەبن، پەسندی بکات، ئەگەر ئەو یاسایە لە بەرژەوەندی گەلی کوردستان دا بێت، ئەمەش بە یاسا ڕێکدەخرێت.

{لێرەش باس لەوە دەکرێت، کە یاسا لەلایەن حکومەتی عێراقەوە دەردەچێ، نەك لەلایەن ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراقیەوە. لە وەرگێڕاندا وشەی (پەسەند) کراوە بە (بخاتە کار)، چونکە لە عەرەبییەکەدا وشەی (انفاد) هاتووە، کەچی ئەرکی پەرلەمان پەسەندکردنی یاسایە، نەك یاسا (بخاتە کارەوە)}.

{ ئەگەر ماددەی چوار، بەو شێوەی لەسەرەوە پێشنیازم کردووە، پەسەند بکرێت، ماددەی پێنج زیاد دەبێ. بەڵام ئەگەر پێشنیازەکە قبووڵ نەکرێت، چاکترە ماددەی پێنج بەم شێوەی خوارەوە دابرێژرێتەوە:

"پەرلەمانی هەرێمی کوردستان بۆی هەیە ئەو یاسایانەی لەلایەن ئەنجومەنی نوێنەرانەوە دەردەچن، ئەگەر لە بەرژەوەندی گەلی کوردستان بن، پەسەندیان بکات، تەنانەت ئەگەر لە دەسەڵاتە دیاریکراوەکانی ماددەی ١١٠ی دەستووری عێراقیش نەبن".

**ماددەی شەش:**

یەکەم: گەلی کوردستان لە کورد و نەتەوەکانی دی (تورکمان، کلدان، ئاشوری، ئەرمەن و عەرەب) پێکهاتووە، هەموویان بە پێی یاسا هاوڵاتیی هەرێمی کوردستانن.

دووەم: دەسەلاتی هەرێم، مافی هاوڵاتیبوون لە هەرێمدا، بە پێی یاسا ڕێکدەخات.

**ماددەی حەوت:**

ئەم دەستووره جەخت لەسەر ناسنامەی موسوڵمانێتی زۆرینەی گەلی کوردستان دەکات و بنەماکانی شەریعەتی ئیسلام یەکێکە لە سەرچاوە سەرکیەکانی یاسادانان، هەروەسا گشت مافە ئاینییەکانی مەسیحی و ئێزدی و هی دیکەش، لە ئازادایی باوەڕ و پیادەکردنی ئاکاری ئایینی، دەستەبەر دەکات.

**ماددەی هەشت:**

گەلی کوردستان – عێراق مافی دیاریکردن و بڕیاردانی چارەنووسی خۆی هەیە، بە پێی ئەم مافەش، لە دیاریکردنی پێگەی ڕامیاری خۆی و بەدیهێنانی گەشەی ئابوری و کۆمەلایەتی و ڕۆشنبیری خۆیدا ئازادە. ئەم یەکێتییە ئازادانەی کە لەگەڵ عێراقدا وەك گەل و خاك و سەروەریی هەڵبژاردووە، بەستراوە بە پابەندبوون بە دەستووری یەکگرتووی عێراق و سستمی فیدراڵی و پەرلەمانی و دیموکراتی و فرە لایەنی و مافەکانی تاك و کۆمەڵی مرۆڤ، لەبەرئەوە بۆی هەیە چاوبگێرێتەوە بەم بڕیارەی بۆ دیاریکردنی پاشەرۆژی خۆی و پێگەی سیاسیی لەم حاڵەتانەی خوارەوە:

١- پێشێلکردنی شکۆمەندیی دەستووری یەکگرتووی عێراق، کە وەك پاشگەزبوونەوە لە پابەندبوون بە سستمی فیدراڵی یان پرنسیپە بنچینەییەکانی دەستوور و دیموکراسیەت و مافەکانی تاك وکۆمەڵی مرۆڤ، دابنرێت.

٢ - پەیرەوکردنی سیاسەتی جیاوازی ڕەگەزی و گۆڕینی باری دێموگرافی کوردستان، یان هێشتنەوەی شوێنەوار و ئاکامەکانی ئەو سیاسەتە، کە بە پاشگەزبوونەوە لەو پابەندبوونە دەستوورییەی لە ماددەی ١٤٠ی دەستووری یەکگرتوودا هاتوون، دادەنرێت.

**{ پێشنیاز دەکەم ئەم ماددەیە بەم شێوەیە دابڕێژرێتەوە:**

**١- گەلی کوردستان - عێراق مافی دیاریکردنی چارەنووسی خۆی بە ئارەزووی خۆی هەیە.**

**٢- گەلی کوردستان - عێراق لەگەڵ گەلی عەرەبی عێراقدا، بە ویست و ئارەزووی خۆی، دەوڵەتێکی فیدراڵی دامەزراندووە، کە سستمەکەی دیموکراتی و پەرلەمانی و فرەلایەنی یە، لەسەر بنەمای ڕێزگرتن لە مافەکانی مرۆڤ.**

**٣- مانەوەی گەلی کوردستان - عێراق لەم دەوڵەتە فیدراڵییەدا، بەندە بە ڕەچاوکردنی بنەما سەرەکیەکانی دەستووری عێراقی، بەتایبەتی فیدرالیزم و سستمی پەرلەمانی و دیموکراتی و ڕێزگرتن لە مافەکانی مرۆڤ، لەگەڵ جێبەجێ کردنی ماددەی ١٤٠ی دەستووری عێراقی و نەهێشتنی شوێنەواری سیاسەتی گۆڕینی باری دیمۆگرافی ئەو ناوچانەی ئەو ماددەیە دەستنیشانی کردوون}.**

**ماددەی نۆ:**

مافێکی بنەڕەتی و دەستووری هەرێمی کوردستانە کە:

**یەکەم:** پێویستە پێش بەستنی هەر ڕێکەوتنامەیەك لە نێوان حکومەتی یەکگرتوو وهەر دەوڵەتێك یان لایەنێکی بیانیدا، پرس ورِا بە هەرێم بکرێت، ئەگەر ئەو ڕێککەوتنامەیە ببێتە هۆی دەستکاریکردنی بارودۆخی ئێستاو پاشەرۆژی، یان مافە چەسپێندراوەکانی ئێستای و ئەوەی لە ئایندەدا دەسەلێنرێن، کەمبکرێنەوە.

**دووەم:** هەرێمی کوردستان، لە چوارچێوەی دەسەلاّتە دیاریکراوەکانی کە تایبەتن بە یاسادانان و لە دەرەوەی دەسەلاّتە دیاریکراوەکانی حکومەتی یەکگرتوودان، مافی خۆیەتی ڕێککەوتنامە لەگەڵ حکومەتی هەرێمی دەوڵەتانی بیانیدا، ببەستێت.

{پێشنیاز: **دووەم: لە چوارچێوەی دەسەلاّتی یاسادانانی هەرێمی کوردستان، کە لە دەرەوەی دەسەلاّتە دیاریکراوەکانی حکومەتی فیدراڵیدان، هەرێم دەتوانێ ڕێککەوتنامە لەگەڵ حکومەتی هەرێمی دەوڵەتانی بیانیدا، ببەستێت}.**

**سێیەم:** هەرێمی کوردستان دەتوانێ، لە چوارچێوەی دەسەلاّتە دیاریکراوەکانی، کە تایبەتن بە یاسادانان و لە دەرەوەی دەسەلاّتە دیاریکراوەکانی حکومەتی یەکگرتوودان، ڕێککەوتنامە لەگەڵ دەوڵەتانی بیانیدا ببەستێت، بەلاّم بەرەزامەندبوونی حکومەتی یەکگرتوو، کە بۆی نییە بە بێ هۆیەکی یاسایی ڕەوا، دژی بەستنیان بوەستێت.

**ماددەی دە:**

**مافێکی بنەڕەتی و دەستووری هەرێمی کوردستانە کە:**

**یەکەم:** هەرێمی کوردستان بەشێکی دادوەرانەی لە داهاتەکانی حکومەتی یەکگرتوو، بە پێی پرنسیپی هاوتایی و هاوڕێژەیی دانیشتوانی و ڕەچاوکردنی ئەو وێرانکاری و سووتاندن و بێبەشکردنەی لەو داهاتانە بە درێژایی حوکمی ڕژێمە ڕابوردووەکانی عێراق، وەربگرێت.

**دووەم:** بەشداریکردنی هەرێم لە پایە و فەرمانبەرایەتی ناو دەزگاکانی حکومەتی یەکگرتوو، دەبێ بە هاوتایی و هاوڕێژەیی بێت.

**سێیەم:** پایەی بەرپرسیارەتیی تایبەت بە دەزگاکانی حکومەتی یەکگرتوو لە هەرێمی کوردستاندا، دەبێ بە هاوڵاتیانی هەرێم بسپێردرێن.

**ماددەی یازدە:**

شاری هەولێر، پایتەختی هەرێمی کوردستانە، پەرلەمانی هەرێم دەتوانێ شارێکی دیکەی هەریم بکاتە پایتەخت.

**ماددەی دوازدە:**

**یەکەم:** هەرێمی کوردستان ئالاّی تایبەتی خۆی هەیە، لەپاڵ ئالاّی کۆماری عێراقی یەکگرتوودا هەڵدەکرێ، دروشم و سرود و جەژنی نەتەوەیی (نەورۆز)ی خۆی هەیە، هەموویان بە یاسا ڕێکدەخرێن.

**دووەم:** ئالاّی کوردستان لە ڕەنگی سوور، ئەوجا سپیی و سەوز پێکدێن و لە ناوەڕاستیا هەتاوێکی بیست و یەك تیشکیی بە ڕەنگی زەرد، بەخۆوە دەگرێت. { **ئەم برگەیە لە کۆبوونەوەی ٢٢ ئاب خراوەتە سەر**

ئەم ماددەیە کە، پێشتر، ئاڵای کوردستان و دروشم و سروود هەموویان بە یاسا ڕێکدەخران. ئەندامانی لیژنەی ئامادەکردنی پرۆژەکە مێژوونووس نین، چاکترە ئەم ئەرکە بۆ کەسانی شارەزا لەم بووارەدا بسپێردرێ. سەبارەت بەو (بیست و یەك) تیشکە، پرسیارم لە مامۆستا محەمەدی حەمەی باقی کرد، کە بە سوپاسەوە ئەم وەڵامەی بۆ ناردبووم، کە پێم باشە لێرەدا بڵاوبکرێتەوە: "...سەبارەت بەو"بیست و یەك تیشکە"، کە بۆ ئەو ئاڵایە دیاری کراوە، نازانم دیاریکردنی ئەو ژمارەی (٢١) پرشنگە، لەکوێوە بۆ ئەم خۆرە هاتووە؟ چونکە ئەگەر هەڵبژاردنی (خۆر) وەك سیمبول و ئاماژەیەك بێت بۆ (ڕووناکی)، ئەوا دەبێ بێ سێ و دوو، ئاوڕ لەو پێشینە مێژووییە بدەینەوە، کە گەلانی ئارییایی، لەڕێگەی ئایینە بەرودواکانی وەك (میترانی)،(هوری واتە خۆری)، (زەرتوشی)، (بودایی)، (ئیزەدی)و (ئەهلی هەق)و...هتد-ەوە، ڕێزی زۆریان بۆ (خۆر) هەبووە و هەندێ لەم ئایینانەش، لەهەندێ سەردەمدا (خۆر)یان پەرستووە و دێرینەی ئەم بڕوایەش بە هەموویانەوە، لەبنەمای خۆرهەڵاتی ئەم گۆی زەمینەوە سەری هەڵداوە، نەك لە بەشی خۆرئاوای گۆی زەوی، کە دواتر حەزرەتی (مەسیح) لە (خۆرئاوا) سەری هەڵداو هەر لە وێشەوە مێژووی (زایین) دەستی پێکرد و ئێستا ئەم مێژووی زاینیە، لە زۆرینەی ناوچەکانی خۆرهەڵاتدا – بە کوردستانی باشووریشەوە – پەیڕەو دەکرێ و زۆر لە بۆنە نەتەوەییەکانی کوردیش، سەرەڕای ئەوەی بە گوێرەی ساڵنامەی کوردی، یان ڕوونتر: ئارییایی، بنیات نراون، بەڵام دیسانیش لەپاڵ مێژووی کوردی دا، (بۆ نموونە) مێژووی (٢١)پرشنگی (خۆر)ەکەی ناوەراستی ئاڵای کوردستان، مەبەست و هێمایە بۆ: بۆنەی نەورۆزی کوردی، کەوەك وترا: ڕێکەوتنی(٢١)ی مانگی مارتی زایینی دەکات، ئاخۆ پێوەندیی نێوان مێژووی (٢١)ی (زایین)ی خۆرئاوا و(١)ی نەورۆزی سەرساڵی تازەی گەلانی (ئارییایی)ی خۆرهەڵات، چییە؟ خۆ ئەگەر ژمارەی (٢١)ی پرشنگی خۆرەکەی ئاڵاکەی کوردستان هێمایە بۆ (٢١)ی مارت، ئەو بەرێزانەی ئەم لێکدانەوەیان پێکهێناوە، پشت بە کامە زانیاریی و مێژووی پێشینەی کلتووریی و ڕووناکبیری کوردیان بەستووە و ئاگاداریی و زانیاریی مێژووی گەلانی ئارییایی و کوردیان چۆن چۆنی خوێندووەتەوە؟...}.

سێیەم: مەداڵیا و نیشان و پشووی فەرمیی لە هەرێمی کوردستان، یاسا ڕێکیان دەخات.

**ماددەی سێزدە:**

هەرێمی کوردستان هێزی پێشمەرگەی بەرگریی هەیە بۆ پاراستنی هەرێم، پێکهاتەو ئەرك و شێوەی ڕێکخستنی، بە یاسا دیاری دەکرێن، میلیشیای چەکدار لە دەرەوەی یاسادا دروست ناکرێت.

{لەکاتی وەرگێڕاندا، (بەرگریی) کراوە بە (بەرگریکار). پێشنیازی نووسینەوەی ئەم ماددەیە بەم شێوە دەکەم:

یەکەم: هەرێمی کوردستان هێزی پێشمەرگەی هەیە، کە هێزێکی بەرگرییە و سنوورەکانی هەرێم دەپارێزێت، پەرلەمانی هەرێمیش ئەرك و پێکهاتەو شێوەی ڕێکخستنی، بە یاسا دیاری دەکات.

دووەم: لە هەرێمی کوردستاندا میلیشیای چەکدار لە دەرەوەی یاسادا، نابێ و دانامەزرێت.}

**ماددەی چواردە:**

کوردستان نێت
Kurdistannet کوردستان نێت

١- کوردی و عەرەبی، دوو زمانی فەرمین لە هەرێمی کوردستان دا، ئەم دەستووره مافی هاوڵاتییانی هەرێم لە فێرکردنی رۆڵەکانیان بە زمانی دایك، وەك تورکمانی و سریانی و ئەرمەنی، لە دەزگاکانی حکومیی خوێندندا بەپێی ڕێنماییەکانی پەروەردە، دەستەبەر دەکات.

٢- لەپاڵ زمانی کوردی و عەرەبی دا، زمانی تورکمانی و سریانی دوو زمانی فەرمیی دەبن لەو یەکە بەڕێوەبەرایەتییانەی کە زۆرینەی دانیشتووانی پێکدێنن، ئەوەش بە یاسا ڕێکدەخرێت.

٣- بۆ دیاریکردنی زمانی فەرمی، ئەگەر دەرفەتی یاسایی بۆ بەکارهێنانی لە هەرێمدا شیاو بوو، پشت بە ماددەی ٤ی دەستووری عێراقی دەبەسترێت.

**ماددەی پازدە:**

سستمی ئابوریی ئازاد لە هەرێمی کوردستاندا پەیرەو دەکرێت و ڕێگا بە چەوسانەوە و قۆرخکردن نادرێت و کێبڕکێی ئازادو ڕەواش، دەستەبەر دەکرێت.

**ماددەی شازدە:**

حکومەتی هەرێم، لەپێناوی گەشەپێدان و پێشخستنی ژێرخانی ئابووریی هەرێم و هاندانی وەبەرهێنان وخستنەگەڕی سەرمایە لە هەموو کەرتە جیاوازەکاندا، چاکسازیی ئابووریی، بە پێی یاساگەلی نوێی ئابووریی لەبەر دەگرێ، ئەمەش بە یاسا ڕێکدەخرێت.

**ماددەی حەڤدە:**

یەکەم: سامانی گشتیی لە هەرێمدا مولکی گەلی کوردستانە، پاراستن و بەڕێوەبردن و مەرجی بەکارهێنانیان و دەستهەڵگرتن لە بەشێکیان، بە یاسا ڕێکدەخرێن.

دووەم: سامانی سرووشتیی و ئاوی سەر زەمین و ژێرزەمین و کانزا دەرنەهێنراوەکانی و کانە بەردینەکانی هەریمی کوردستان، سامانێکی نەتەوەیین کە پێویستە دەرهێنان و بەڕێوەبردن و چۆنیەتی بەکارهێنیان بە یاسا ڕێکبخرێن، بە مەرجێك ڕەچاوی پاراستنی بەرژەوەندیی نەوەکانی ئێستاو دوارۆژیش بکرێت.

{پێشنیاز دەکەم ئەم ماددەیە بەم شێوەیە بنوسرێتەوە:

یەکەم: سامانی گشتیی هەرێمی کوردستان، لەوانەش سامانی سرووشتیی وەك زەوی و دارستان وئاوی سەر زەمین و ژێر زەمین و کانزاکانی ژێر خاکەکەی، موڵکی خەڵکی کوردستانە.

دووەم: پاراستن و شێوەی بەڕێوبردن ودەستهەڵگرتن لە بەشێکیان، بە یاسا دیاری دەکرێت، بە مەرجێك ڕەچاوی پاراستنی بەرژەوەندیی نەوەکانی ئێستاو دوارۆژیش بکرێت.

سێیەم: پاراستنی سامانی هەرێمی کوردستان و پارێزگاریکردنیان ئەرکی حکومەت و خەڵکی کوردستانە.}

### دەروازەی دووەم

### بەشی یەکەم

### مافەکانی مەدەنی و سیاسی

**ماددەی هەژدە:**

هاوڵاتیان له ئاست یاسادا، له ماف و ئەركدا یەكسانن و جیاوازی له نێوانیان به هۆی نێرومێیی، رەگەز، ڕەنگ، زمان، پلەی كۆمەڵایەتی، ئایین، ئایینزا، باری ئابووری، باری كۆمەڵایەتی یان سیاسیی و هزریی، ناكرێت.

**ماددەی نۆزدە:**

هەموو كەسێك مافی ژیانی به ئازادی و ئاسودەیی بۆ دەستەبەردەكرێت، كەسێك لەم مافەی، یان له بەشێكیان بێبەش، یان سنووردار ناكرێت، مەگەر به پێی یاسا و به بڕیاری لایەنێكی دادوەری تایبەتمەند بێت.

**ماددەی بیست:**

ڕەخساندنی دەرفەت به یەكسانیی بۆ هەموو هاوڵاتیانی هەرێم، مافێكی دەستەبەركراوە، حكومەتی هەرێم كارڕایی پێویست بۆ دابینكردنیان ئەنجام دەدات.

**ماددەی بیست و یەك:**

ژن وپیاو یەكسانن، ڕێگاش به جیاوازیكردن دژی ئافرەت نادرێت، حكومەتی هەرێمیش هەموو ئەو مافه مەدەنی و سیاسیانەی لەم دەستووره و لەو پەیماننامه و ڕێككەوتنامه نێودەوڵەتیانەدا، كه دەوڵەتی عێراق پەسەندیكردوون، دەستەبەریان دەكات، هەروەسا هەر جۆره كۆسپ و بەربەستێك له بەردەم یەكسانیاندا له بەشدارییان له ژیانی كۆمەڵایەتیی و ڕۆشنبیریی و ئابوریی و سیاسیدا دادەنرێن، دەبێ نەیهێڵێت.

**ماددەی بیستو دوو:**

یەكەم: حكومەتی هەرێم، به بێ جیاوازی، مافی خوێندن بۆ هەموو هاوڵاتییەك دەستەبەر دەكات. قۆناغی خوێندنی سەرەتایی بەزۆبزی دەبێت و حكومەتی هەرێم پابەندیی خۆی به نەهێشتنی نەخوێندەواری لەنێو سەرجەم تەمەنه جیاوازەكاندا، به نێرو مێوه، دەردەبڕێت.

دووەم: حكومەتی هەرێم خوێندن به خۆڕایی له هەموو قۆناغەكانی سەرەتایی و ناوەندیی و ئامادەیی و له زانكۆ و خوێندنه پیشەیی و تەكنیكیەكاندا، دابیندەكات و پابەندیش دەبێت به گەشەپێدان و هاندانی توێژینەوەی زانستی بۆ مەبەستی ئاشتیانه و مەدەنییانه، هاوكات چاودێری سەركەوتن و نوێكاریی و داهێنان و هەموو شێوازێكی لێوەشاوەیی، دەكات.

سێیەم: خوێندنی تایبەتی و ئەهلی، به یاسا ڕێكدەخرێت.

**{چاكتره ئەم بڕگەیه بەم شێوه بنوسرێتەوە:**

**یەكەم: پەروەردەو خوێندن، له قۆناغه جیاوازەكاندا، مافی ڕەوای هەموو هاوڵاتییانه بەبێ جیاوازیی له نێوان نێرو مێدا و له قۆناغی خوێندنی سەرەتاییشدا، به تۆپزیی دەبێت، كه حكومەتی هەرێم دەستەبەری دەكات.**

**دووەم: نەهێشتنی نەخوێندەواری له نێو گەورەو بچوك و نێرو مێدا، ئەركی حكومەتی هەرێمه.**

**سێیەم: پەروەردەو فێركردنی تایبەتی و ناحكومیی، به قانوون ڕێكدەخرێت.}**

**ماددەی بیست و سێ:**

یەكەم: هاوڵاتیانی هەرێم ڕاستەوخۆ، یان له ڕێگای نوێنەره هەڵبژێردراوەكانیانەوە، مافی بەشداریكردنیان له بەڕێوەبردنی كاروباری گشتی به شێوەیەكی ئازادانه هەیه، هەروەسا مافی بەشداریكردنیان له هەڵبژاردنی گشتی و ڕیفەرەندۆم وهەڵبژاردنی ئەنجومەنی خۆجەیی و شارەوانی و

دەستە ئەهلیەکاندا هەیە، لەگەڵ وەرگرتنی پۆستی گشتی بە یەکسانی و بە پێی ئەو مەرجانەی یاسا دەستنیشانیان دەکات و لەسەر بنەمای رەخساندنی هەلی یەکسان.

**{پێشنیازمان: یەکەم: هاولاتیان دەتوانن، ڕاستەوخۆ، یان لە ڕێگای نوێنەرانیانەوە، ئازادانە بەشداریی لە بەڕێوەبردنی کاروباری گشتی دا بکەن، هەروەسا دەتوانن بەشداریی لە هەڵبژاردنی گشتی و ڕیفەراندۆم و هەڵبژاردنی ئەنجومەنی پارێزگاکان و شارەوانییەکان دا بکەن، لەگەڵ وەرگرتنی پۆستی گشتی بە پێی ئەو مەرجانەی یاسا دیاریان دەکات، ئەویش بەگوێرەی پرنسیپی یەکسانی هەل لە نێو هاولاتیاندا.}**

**دووەم:** لە هەڵبژاردنی پەرلەمانی هەرێمی کوردستان و ئەنجومەنی خۆجەیی**{پارێزگاکان}**و شارەوانیەکان دا، بە لای کەمیەوە رێژەی لە ٢٥ ٪ کورسییەکان بۆ خانمان تەرخان دەکرێن.

**ماددەی بیست و چوار:**

سزادان کەسییە، ئازادی وئابڕووی مرۆڤ و کەرامەتی، پارێزراو دەبن.

**ماددەی بیست و پێنج:**

تاوان و سزاکەی، بە پێی دەقێکی یاسایی دیاریدەکرێت، هیچ کارێکیش بەر سزادان ناکەوێت ئەگەر لەکاتی ئەنجامدانیدا بەتاوان دانەنرابێت، ناکرێت سزایەکی توندتر لەو سزایەی لەکاتی ئەنجامدانی تاوانەکەدا دیاری کرابوو، بەسەر تۆمەتباردا بدرێت.

**ماددەی بیست و شەش:**

داواکردنی دادوەریی لەبەردەم دادگەی تایبەتمەندا، بۆ هەموو هاولاتیان مافێکی پارێزراو و دەستەبەرکراوە.

**ماددەی بیست و حەوت:**

گومان لێکراو بێتاوانە تا ئەو کاتەی لە دادگەیکردنێکی یاسایی ڕەوادا، تاوانەکەی دەسەلمێنرێت.

**ماددەی بیست و هەشت:**

مافی داکۆکیکردن لەخۆ، پیرۆزە و لە هەموو قۆناغەکانی لێکۆڵینەوە و دادگەییکردندا، بە پێی یاسا دەستەبەر دەکرێت.

**ماددەی بیست و نۆ:**

هەموو کەسێك لەکاتی دادوەریکردن و بەڕێوەچوونی کاروباری بەڕێوەبردندا، مافی ئەوەی هەیە بە ڕەوایی رەفتاری لەگەڵدا بکرێت و ڕێگە بە ڕەفتاری خراپ، یان بەکارهێنانی ئەشکەنجەی جەستەیی، دەروونی، یان هەڵسوکەوتی نامرۆڤانە، نەدرێت. دانپێدانانی بە تۆپزیی، یان بە هەرەشە، یان بە هۆی ئەشکەنجەدانەوە، یان بەڵێن پێدان وتۆقاندن، بە هەند وەرناگیرێت، زیانلێکەوتوو دەتوانێت داوای قەرەبووکردنەوەی ئەو زیانە جەستەیی و دەروونییەی بکات کە لێی کەوتووە رادەکەی بە پێی یاسا دیاری دەکرێت.

**ماددەی سی:**

یاسا کاریگەرێتی بۆ پێشووتر نییە، ئەگەر دەقێکی یاسایی نەبێت، بەلام ئەم هەلاوێردە لەو یاسایانەی تایبەتن بە باج و فەرمانە(رەسم)، ڕەچاوناکرێت.

**ماددەی سی و یەك:**

یاسای سزادان کاریگەریی بۆ پێشووتر نابێت، تەنیا مەگەر لە بەرژەوەندی گومانلێکراودا بێت.

**ماددەی سی و دوو:**

لایەنی لێکۆڵینەوە، دەبێ دۆسیەی لێکۆڵینەوەی سەرەتایی بداتە دادوەری تایبەتمەند، لە ماوەیەکدا، کە لە ماوەی نێوان دەستگیرکردنی تۆمەتپێکراوەوە لە بیست وچوار کاتژمێر تێپەرنەکات، ئەو ماوەیەش لە یەك جار زیاتر درێژ ناکرێتەوە، ئەگەر درێژکرایەوە، بۆ هەمان ئەو ماوە دەبێت.

**ماددەی سی و سێ:**

**یەکەم:** کەس دەستگیرناکرێت و کەسیش بەبێ فەرمانی لایەنێکی دادوەریی تایبەتمەند، دەستگیر یان بەند، یان زیندانی ناکرێت، ئەوەش بە گوێرەی یاسا.

**دووەم:** دەستگیرکردن، یان بەند، یان زیندانیکردن لە دەرەوەی ئەو جێگایانەی بە پێی یاسا بۆ ئەو مەبەستە دیاریکراون، قەدەغەیە، باری تەندروستی و کۆمەڵایەتیی لەو جێگایانەی بۆ ئەو مەبەستە دیاریکراون، لەلایەن دەزگای تایبەتی حکومەتییەوە چاودێری دەکرێن.

**ماددەی سی و چوار:**

دادگە لەسەر خەرجی حکومەت، لە هەردوو قۆناغی لێکۆڵینەوەو دادگەییکردندا، پارێزەرێك بۆ بەرگریکردن لە تۆمەتبار بە ئەنجامدانی تاوان، یان کەتن، دادەنێ، ئەگەر پارێزەری نەبێ بەرگری لێبکات.

**ماددەی سی و پێنج:**

**یەکەم :** نیشینگەو ماڵ و ئەو شوێنانەی هاوشێوەی ئەون، رێزیان لێدەگیرێت، پێشێلکردن، یان چوونەناو، یان پشکنین، یان چاودێریکردنیان دروست نییە، تەنیا لەو حاڵەتانەدا نەبێت، کە یاسا دیاریکردوون.

**دووەم :** کەسێك، یان شتومەکەکەی ناپشکێنرێت، ئەگەر بە یاسا نەبێت.

**ماددەی سی و شەش:**

ئەو کەسەی دەستگیر دەکرێت دەبێ دەستبەجێ لە هۆکاری دەستگیرکردنەکەی ئاگاداربکرێتەوە، هەروەسا لەو تۆمەتەی بە ئۆباڵی خراوە.

**ماددەی سی و حەوت:**

زیندانی نابێ بە هۆی رەگەزی، نێرومێیی، رەنگی، ئاینی، بیروبۆچوونی سیاسیی، بنەچەی نەتەوەیی، یان کۆمەڵایەتیی، سامانی، جێگای لە دایکبوونی، یان هەر هۆیەکی دیکە، هەڵسوکەوتی جیاوازی لەگەڵدا بکرێت.

**ماددەی سی و هەشت:**

دەبێ رێز لە باوەری ئاینیی ویندانی و پرنسیپی رەوشتیی ئەو پێکهاتەی لێوەی هاتووە، بگیرێت.

**ماددەی سی و نۆ:**

پێشکەشکردنی داواکاری و سکاڵا بە دەزگاکانی هەرێمن مافێکی رەوای هاوڵاتییانە و پێویستە دەسەڵاتداران لە ماوەیەکدا، کە لە پانزە رۆژ تێپەرنەکات، بریاری لەسەر بدرێت. لەحاڵەتی وەرنەگرتنی لەبەر هەر هۆیەك بێت، یان بریارنەدان لەو ماوەیەدا بە بێ بیانوویەکی رەوا، ئەو دەزگایە بەرپرس دەبێت.

**ماددەی چل:**

پەنابەری سیاسیی بە تۆپزیی نادرێتەوە بەو وڵاتەی لێوەی هەڵاتووە.

**ماددەی چل و یەك:**

یارمەتیدانی خێزانی شەهیدانی بزوتنەوەی رزگاریخوازی گەلی کوردستان و پێشمەرگەو کەسوکاری قوربانیانی ئەنفال و کیمیاباران و ئەو کەسانەی بە هۆیەوە تووشی نەخۆشی و دەردی درێژخایەن بوون، ئەرکێکی دەستەبەرکراوی حکومەتی هەرێمی کوردستانە.

**ماددەی چل و دوو:**

رێگە بە هیچ گروپێك، یان رێبازێك نادرێت بیری شۆڤینی، یان فاشیی، یان رەگەزپەرستیی، یان تێرۆریستیی، یان بە کافرکردن، یان پاکتاوی نەژادیی، یان تایفەگەریی لەبەربگرێ، هەروەسا هاندەر، یان رێگا خۆشکەرییان بۆ بکات، یان بە شکۆمەندییەوە تەماشایان بکات، یان پرۆپاگەندە، یان پاساویان بۆ بهێنێتەوە، دەزگاکانی هەرێمیش پابەند دەبن بە بەرەنگاربوونەوەی تێرۆر بە هەموو شێوەکانیانەوە و رێگاش لەوە دەگرن خاکی هەرێم بارەگایان، یان رێگەی پەڕینەوەیان، یان مەیدانی چالاکییان بێت.

## بەشی دووەم

## مافە ئابووری و کۆمەڵایەتی و کەلتووریەریەکان

**ماددەی چل و سێ:**

کارکردن مافی هەموو هاوڵاتییەکە و پێویستە هۆی بژێوی بۆ ئەو جۆرە کارە دەستبەربکرێت، کە خۆی دەیەوێ بیکات.

**مادەی چل و چوار:**

دابینکردنی بەرنامەی ئاراستەکردن و ڕاهێنانی هونەریی و پیشەیی بۆ پەیداکردنی دەرفەتی کار، ئەرکی حکومەتی هەرێمە.

**ماددەی چل و پێنج:**

کرێکار مافی کرێی یەکسانی بەرامبەر بە کاری یەکسان هەیە. بە یاساش پێوەندی نێوان کرێکارو خاوەنکار لەسەر بنەمای ئابووریی رێکدەخرێت و دەبێ رێسای دادوەری کۆمەڵایەتیش بۆ پاراستنی کرێکار لە چەوساندنەوە ڕەچاوبکرێت.

**ماددەی چل و شەش:**

کرێکار و کارمەندان مافی یەکسانیان لە بەدەستهێنانی هەل و دەرفەتی بەرزبوونەوە بۆ پلەی باڵاترو گونجاو هەیە، بێگوێدانە هیچ شتێك، جگە لە ڕەچاوکردنی ساڵانی خزمەت و توانایی کەسەکە نەبێت.

**ماددەی چل و حەوت:**

حکومەتی هەرێم مافی دامەزراندنی سەندیکاو یەکێتی پیشەیی و چوونەپاڵیان بەشێوەیەکی ئازادانە دەستەبەر دەکات، ئەمەش بە یاسا ڕێکدەخرێت.

**ماددەی چل و هەشت:**

موڵکداریـەتی تایبـەتیی پـارێزراوە، تـەنیا بـە مەبەسـتی بەرژەوەنـددی گـشتی و بـە قەرەبووکردنەوەیـەکی دادوەرانەی خێرا نـەبێت، دەسـتی بەسـەردا نـاگیرێ، بـەر لەدەسـتبەرداربونی لـە موڵکەکەی، یـان لـەکاتی دەسـت بەسەرگرتنیدا، دەبێ قەرەبووکردنەوەکەی پێ بدرێت، ئەوەش بە یاسا ڕێکدەخرێت.

## ماددەی چل و نۆ:

خێزان لە کۆمەڵدا، یەکەیەکی کۆمەڵایەتی ئاسایی و بنەڕەتییە ولەلایـەن کۆمـەڵ و حکومـەتی هەرێمـەوە مـافی پارێزگاریکردنی هەیە، بۆیە:

یەکـەم: هاوسـەرێتی بـە ڕەزامەنـدیی تـەواوی هـەردوولاوە دەبەسـترێت و تـۆپزیی و ناچـارکردنی تێـدا نابێت.

دووەم: حکومـەت پاراسـتنی دایکایـەتی و منـداڵێتی و پیرێتـی لـە ئەسـتۆ دەگرێـت و ئەنجومـەنێکی راوێژکاریی بۆ کاروباری خێزان دادەمزرێنێ.

سێیەم: منداڵ مافی پەروەردە و چاودێریکردن و فێرکردنـی بەسـەر بـاوك و دایکییـەوە هەیـە، بـاوك و دایکـیش مـافی ڕێـزلێگیران و چـاودێرییان بەسـەر منداڵەکانیانـەوە هەیـە، بەتایبـەتی لەحاڵـەتی دەستکورتی یان پەککەوتەیی یان پیربوونیان.

چـوارەم: چەوسـاندنەوەی منـداڵ لـە ڕووی ئابوورییـەوە قەدەغەیـە، حکومـەتی هـەرێم کـارڕایی و ڕێوشوێنی پێویست بۆ پارێزگاریکردنیان، دەگرێتەبەر.

پێنجەم: هەموو شێوەیەکی جیاوازیی و توندتیژیی و لەوتاندن لە نـاو کۆمـەڵ و قوتابخانـە و خێزانـدا، قەدەغەیە.

شەشـەم: دامەزرانـدنی خانـەی تایبـەت بـە چـاودێریکردن و پاراسـتنی ئـەو ئافرەتانـەی بـەهۆکاری کۆمەڵایەتییەوە ئارامی خێزانیان لەدەستداوە، بە حکومەت دەسپێردرێت.

{پێشنیاز: خێـزان لـە کۆمەڵـدا، یەکەیـەکی کۆمەڵایـەتی ئاسـایی و بنەڕەتییـە و لـە لایـەن کۆمـەڵ و حکومەتی هەرێمەوە مافی پاریزگاریکردنی هەیە. بۆیە:

یەکەم: هاوسەریەتی بە قایلبوونی تەواوی هەردوولاوە بەندە و ناچارکردنی تێدا نییە.

دووەم: حکومەتی هەرێم دایکایەتی و منداڵێتی و پیرێتی دەپارێزێت و ئەنجومـەنێکی راوێـژکاریی بـۆ کاروباری خێزان دادەمزرێنێ.

سێیەم: منداڵ مافی پەروەردە و چاودێریکردن و فێرکردنی بەسەر باوك و دایکییـەوە هەیـە، بـاوك و دایکیش مافی ڕێزلێگیران و چاودێرییان بەسەر منداڵەکانیانەوە هەیە، بەتایبەتی لەکاتی پێویستیی و پەککەوتەیی و پیرێتییان دا.

چـوارەم: چەوسـانەوەی منـداڵ لـە ڕووی ئابوورییـەوە قەدەغەیـە و کـارڕایی پارێزگاریکردنیـشیان بـە حکومەتی هەرێم دەسپێردرێ.

پێنجەم: هەمووجۆرە جیـاوازیکردن و توندتیـژیی و لەوتانـدن لـە نـاو کۆمـەڵ و قوتابخانـە وخێزانـدا قەدەغەیە.

شەشـەم: دامەزرانـدنی خانـەی تایبـەت بـە چـاودێریکردن و پاراسـتنی ئـەو ئافرەتانـەی بـەهۆکاری کۆمەڵایەتییەوە ئارامیی خێزانیان لەدەستداوە، بە حکومەت دەسپێردرێ}.

## ماددەی پەنجا:

هەموو هاووڵاتییەك مافی چاودێریی تەندروستی هەیە، شێوازی پارێزگاری و چارەسەرکردنیشی، حکومەتی هەرێم دەستەبەری دەکات، بەگوێرەی تواناش ژیانی ئەو کەسانە دابین دەکات کە بە هۆی بارودۆخێکەوە، کە لە دەستخۆیاندا نەبووە، بەتایبەتی لە حاڵەتی نەخۆشیی و پەککەوتەیی و پیرێتیی و بێوەژنیی کە بووەتە هۆی ئەوەی سەرچاوەی بژێوییان لەدەستبدەن.

## ماددەی پەنجا و یەك:

یەکەم: حکومەتی هەرێم پابەندە بە پاراستنی تەندروستی گشتی و بە دروستکردنی نەخۆشخانە و دامەزراوی تەندروستیی و خانەی چاودێری کۆمەڵایەتیی بۆ پیران، شێوازی خۆپاراستن و چارەسەرکردنیش دەستەبەر دەکات.

دووەم: تاکەکەس و دەزگاگەلی ئەهلی دەتوانن نەخۆشخانە وخانەی چارەسەریی تایبەت لە ژێر چاودێری دەسەڵاتگەلی تایبەتمەندی حکومەتی هەرێمدا دروستبکەن، ئەوەش بە یاسا ڕێکدەخرێت.

## ماددەی پەنجا و دوو:

یەکەم: کەمئەندام مافی خۆیەتی ڕێز لە مرۆڤبوونی بگیرێت، هەروەسا هەرچییەك هۆی کەمئەندامبوونی بێت و لەهەر ئاستێکدا بێت، هەمان ئەو مافە بنەڕەتییانەی هاوڵاتیانی هاوتەمەنی ئەو هەیانە، ئەویش دەبێت و مافی خۆیەتی ژیانێکی شایان و ئاسایی بەسەربەرێت.

دووەم: کەمئەندام مافی چارسەرکردنی پزیشکی و دەروونی و فێربوون و دامەزراندن و سوودوەرگرتن لە ئەندامی دروستکراو و ئامێری توانابەخش و هەموو ئەوشتانەی هەیە، کە گەشە بەتواناو لێهاتوێتی دەدەن، تا تیکەڵ بە کۆمەڵگەی بکاتەوە.

سێیەم: لە سەرجەم قۆناغەکانی پلاندانانی ئابووری و کۆمەڵایەتیدا، پێداویستیەکانی تایبەتی کەمئەندام دەبێت لەبەرچاوبگیرێت.

چوارەم: پێویستە کەمئەندام لە چەوسانەوەوە، یان لە مامەڵەیەکی دیکەی دی بپارێزرێت، کە ترسی لەوتاندنەوەی کەمئەندامی تێدا بەدی بکرێت، یان لە شکۆداریەتی کەمبکاتەوە.

پێنجەم: بایەخدان بە زمانی ئاماژە و نووسین بە ڕێگەی "برێل" بۆ ئەوکەسانەی بەهۆی کەمئەندامیەتیی لەشیانەوە پێویستیان پێیەتی، حکومەتی هەرێم پێداویستیەکانی دابینیان دەکات.

## ماددەی پەنجا و سێ:

چاودێریی زانکۆکانی کوردستان و پارێزگاریی حەرەمیان و پێگەی کەسایەتییان لە چوارچێوەی یاسادا، لە ئەستۆی حکومەتی هەرێمە.

## ماددەی پەنجا و چوار:

یەکەم: چاودێریکردنی زانست و ئەدەب و هونەر و هاندانی توێژینەوەی زانستییانە، لە ئەستۆی حکومەتی هەرێمدا دەبێت.

دووەم: هەموو کەسێك مافی خۆیەتی بەشداری لە ژیانی رۆشنبیریدا بکات و کەڵك لە پێشکەوتنەکانی زانست و جێبەجێکردنیان وەربگرێت و بۆ بەرژەوەندی ماددیی و مەعنەویی هەر کاریگەرییێکی زانستیی، یان هونەری، یان ئەدەبی خۆی، کەڵك لە پارێزگارییەکانی یاسایی وەربگرێت.

سێیەم: هەموو کەسێك مافی خۆیەتی لێکۆڵینەوەی زانستییانە و چالاکی داهێنەرانەی ئازادانەی هەبێت.

چوارەم: پارێزگاریکردن لە مافی موڵکداریەتی داهێنان و نەخشەسازی و نموونە و نیشانەی تۆمارکراو و ناوی بازرگانی و مافەکانی لێکەوتوویی کارە ئەدەبی و هونەریی و زانستییەکان، ئەرکی حکومەتی هەرێمە.

### ماددەی پەنجا و پێنج:

حکومەتی هەرێمی کوردستان لەئاست تازە پێگەیشتووەکان و لاوان دا، چاودێرو بەرپرسە، لەوەی کە:

یەکەم: لەچەوسانەوە و لە تاوان بیانپارێزێت.

دووەم: گەشەپێدانی توانایان لە گشت بوارەکاندا و زەمینەخۆشکردن بۆ گەشەپێدانی بەهرەیان و هاندانی چالاکییان.

سێیەم: بە شێوازێکی پەروەردەیی ئامادەبکرێن و بەهای رەوشت و گیانی نیشتمانپەروەرانەی رەسەنیان تێدا پتەوکرێت و گیانی دەستپێشخەری و هۆشیارییان بە کەلتووری مێژوویی و تێکۆشان و مرۆیانەی نەتەوەکەیان تیادا، تۆوبکرێت.

چوارەم: بوار لەبەردەمیاندا بڕەخسێنرێ تا بەهرەکانیان لە بەشداریکردنی پرۆژەی پەرەپێدانی ئابووریی و کۆمەڵایەتیی و رۆشنبیریدا، بەگەڕبخرێت.

پێنجەم: دانانی بەرنامەو پلان، تا بەرپرسیاریەتی بەدەست بگرن و ڕۆڵی خۆیان لە کۆمەڵگەدا بگێڕن.

شەشەم: هاندانی دەستپێشخەریی تاکە کەسی و کۆو بایەخدان بە ئەفراندنیان و دامەزراندنی بنکەی پێویست بۆ چاودێریی و پشتگیریکردنی ماددی و مەعنەوییان.

حەوتەم: هاندانی گیانی هاریکاریی و هەرەوەزیی و پەیرەوکردنی دیموکراسییانە لە نێویاندا و ئامادەکردنی هۆکارەکانی کەڵك وەرگرتن لە کاتی بەتاڵیان بە شێوەیەك کە پیت و بە بڕشت بن و توانا و شارەزاییان زیاتربکات.

### ماددەی پەنجا و شەش:

وەرزشکردن مافی هەموو هاووڵاتییەکەو دەبێ حکومەتی هەرێم چالاکیی وەرزشیی هان بدات و پێداویستییەکانی دابین بکات.

### ماددەی پەنجا و حەوت:

یەکەم: پارێزگاریکردنی ژینگە (زەوی، ئاو، هەوا، رووەك و زیندەوەران) ئەرکی هەموو کەسێك و کەسانی مەعنەوییە، ئەوەی زیان بەهەر یەکە لەوانە بگەیەنێت، لە چاککردنەوەیان بەرپرسیار دەبێت، جگە لەبەرپرسیارێتی سزایانە بەپێی یاسا.

دووەم: هاووڵاتی مافی بنەڕەتی لە ئازادی و یەکسانیدا و لە بارودۆخێکی بژێویی گونجاو و کەشێکی کۆمەڵایەتی و ئابووریی ئەوتۆدا هەیە، کە ژیانێکی شەرەفمەندانە و خۆشگوزەرانی بۆ دابین بکات، بۆیە پێویستە ژینگە بپارێزێ و بەشداری لە چاککردنی بکات لە بۆ بەرژەوەندی نەوەی ئێستاو ئاییندەش.

{دووەم: هاووڵاتی مافی لە ئازادی و یەکسانی لە بارودۆخی ژیانێکی گونجاو و کەشێکی کۆمەڵایەتیی و ئابووریدا هەیە کە ژیانێکی شکۆمەندانەو خۆشیی بۆ بڕەخسێنرێ، بۆیە پاراستنی ژینگە و چاککردنی لە بەرژەوەندی نەوەی ئێستاو ئایندەدایە و ئەرکی هەموولایەکە}.

سێیەم: چارەسەرکردنی سەرچاوەکانی پیسکردنی ژینگە و کەمکردنەوەیان لە ئەستۆی حکومەتی هەرێم دایە، لەو پێناوەدا دەبێت هەوڵی پەرەپێدانی دارستان و پاراستن و بەرفراوانکردنیان بدات و کار بۆ دروستکردنی ناوچە و پشتێنەی سەوزی ناو شار و دەوروبەری شارەکان بدات و بیانپارێزێ و پەرەشیان پێبدات، لەگەل فراوانکردنی باخچە گشتیەکان و پارکی سروشتی بۆ پاراستنی ژیانی دەشت ودەری زیندەوەرو ڕێگەنەدان بە دروستکردنی خانووبەرە وکارگەو بەکارهێنانی ئامێروکەرەستەی گەورە لەو پارکە سروشتیانەدا، ئەمەش بە یاسا ڕێکدەخرێت.

{سێیەم: چارەسەری سەرچاوەکانی پیسکردنی ژینگە و کەمکردنەوەی لە ئەستۆی حکومەتی هەرێم دایە، بۆ ئەو مەبەستە دەبێ هەوڵی پەرەپێدانی دارستان و پارێزگاریکردن و بەرینکردنی پانتاییەکانی بدات و ناوچە و پشتێنە سەوزەکانی ناو شارو دەوروبەریان بپارێزێ و پەرەیان پێبدات و پارکی سروشتی فراوان لە هەندێ لە ناوچەکانی کوردستان، بۆ پاراستنی ژینگەو سروشت و ئاژەڵ و باڵندەی کێوی، دروست بکات و ڕێگا نەدات بە خانووبەرەو کارگەو بەکارهێنانی ئامێرو کەرەستەی زلّ لەو پارکە سروشتیانەدا دروستبکرێن، ئەمەش بە یاسا ڕێکدەخرێت.}

### ماددەی پەنجا و هەشت:

حکومەتی هەرێم کارڕایی پێویست بۆ کاربەران(موستەهلیك) دابیندەکات، ئەمەش بە هاندان و هاوکاریکردنیان و داکۆکیکردن لە مافەکانیان بەدانانی شێوازی یاسایی بۆ دامەزراندنی ڕێکخراو وکۆمەڵەی تایبەتمەند.

## بەشی سێیەم

## ئازادییەکان

### ماددەی پەنجا و نۆ:

هەموو کەسێك مافی ئازادیی ڕادەربڕینی هەیە.

### ماددەی شەست:

حکومەتی هەرێم ئازادی بڵاوکردنەوەو چاپ و ڕۆژنامەگەریی و مافی کۆبوونەوەو خۆپیشاندان و مانگرتنی ئاشتییانە دەستەبەر دەکات، بە یاساش ڕێك دەخرێن.

### ماددەی شەست و یەك:

پێوەندیکردنی ئازادانەو نامەگۆڕینەوە بە پۆست و بروسکە و تەلەفۆن و نامەی ئەلیکترۆنی و ئەوانی تر دەستەبەرکراوە و نابێت چاودێری بکرێن، یان گوێیان لێبگیرێت، یان ئاشکرا بکرێن، تەنیا لەبەر پێویستییەکی یاسایی، یان ئاسایشی نەبێت، ئەویش بە بڕیارێکی دادوەری.

**ماددەی شەست و دوو:**

هاوولاتیانی کوردستان لە سەفەرکردن، یان نیشتەجێبوون لە دەرەوەی هەرێم و گەڕانەوەیان، ئازادن.

**ماددەی شەست و سێ :**

هەر کەسێك بەشێوەیەکی یاسایی لە هەرێمدا بێ، مافی هاتوچۆکردنی بە شێوەیەکی ئازادانە هەیە و لە دیاریکردنی شوێنی نیشتەجێبوونیشدا ئازادە و ناشبێت کۆسپ لەڕێی ئەم مافەدا دابنرێت، تەنیا لەبەر پێویستی پاراستنی ئاسایشی نەتەوەیی یان پەیڕەوی گشتی، یان تەندروستی گشتی، یان ماف و ئازادی کەسانی دیکە نەبێ، ئەوەش بەپێی یاسا.

**ماددەی شەست و چوار:**

حکومەتی هەرێم پابەندە بە پتەوکردنی رۆڵی دامەزراوەکانی کۆمەڵگای مەدەنی و پشتگیریکردنیان و پەرەپێدانیان و پاراستنی سەربەخۆییان لە پێناو بەدیهێنانی ئامانجەکانیان، ئەوەش بە یاسا ڕێکدەخرێت.

**ماددەی شەست و پێنج:**

ئایین بەزۆر نییە (لا اكراه في الدين)، هەموو کەسێك ئازادیی بیرو ئایین و باوەڕی هەیە و حکومەتی هەرێم پابەندە بەوەی ئازادیی هاوولاتیانی کوردستان، بە موسوڵمان و مەسیحی و ئێزیدی و ئەوانی دیکەوە، لە پەرستن و ئەرك و ڕێوڕەسمە ئاینییەکانیان بۆ دابینبکات و ڕێزیش لە مزگەوت و کەنیسە و پەرستگاکانی دیکە بگرێت و پەرەیان پێ بدات.

**ماددەی شەست و شەش:**

ڕێگە بە هیچ شێوە بێگارییەك، یان کارپێکردنی زۆرەملێیانە، یان دەرکردنی بەزۆر نادرێت و نابێت پەناشی بۆ ببرێت:

**یەکەم:** وەك شێوەیەك بۆ ناچارکردن، یان ئاراستەکردنێکی سیاسی، یان وەك سزایەك لەسەر بیروڕای سیاسی، یان بیروڕایەك لە ڕووی مەزهەبییەوە پێچەوانەی سستمی سیاسی، یان ئابووریی، یان کۆمەڵایەتیی باو بێت، یان دەربڕینی ئەو جۆرە بیروڕایانە بێت.

**دووەم:** وەك شێوازێك بۆ خڕکردنەوەی هێزی کارکردن و بەکارهێنانی بە مەبەستی بووژاندنەوەی ئابووری.

**سێیەم:** وەك سزایەك لەسەر بەشداریکردن لە پارتی سیاسیدا.

**چوارەم:** وەك شێوازێك بۆ جیاکردنەوەی رەگەزیی، یان کۆمەڵایەتیی، یان نەتەوەیی، یان ئایینی، یان مەزهەبیی، یان سیاسیی.

**ماددەی شەست و حەوت:**

**یەکەم:** ئازادی دامەزراندنی کۆمەڵە و پارتی سیاسی و چوونە ریزیان، دەستەبەرکراوەو بە یاسا ڕێکدەخرێت.

دووەم: کەس ناچارناکرێت بچێتە ناو پارتێك، یان کۆمەڵەیەك و ناچاریش ناکرێت لە ئەندامێتی بەردەوام بێت یان دەستبەرداری بێت.

سێیەم: کۆمەڵەو پارتی سیاسیی، لە بەڕێوەبردنی پێکهاتەو ڕێکخستنو مافی ئەندامەکانیاندا پابەند دەبن بە پرنسیپەکانی دیموکراسیەت.

چوارەم: پارتێکی سیاسیی، ناشێ لقی پارتێکی بیانی، یان سەر بە بەرژەوەندی و لایەنێکی بیانیی بێت.

پێنجەم: کۆمەڵەو پارتی سیاسی لە بەرنامەو پەیڕەو وشێوەی کارکردنیان پابەند دەبن بە پرنسیپ و ئەو مافە سەرەکییانەی لەم دەستوورەدا هاتوون، هەروەسا پێویستە فرە لایەنی و ڕای بەرامبەر قبوولّ بکەن و لە توندوتیژی دوور بن.

شەشەم: ڕێگە بە پارت و ڕێکخراو و کۆمەڵە و تاکە کەس نادرێت، لە پێناو بەدیهێنانی دەسکەوتی پارتایەتی، یان هەڵبژاردن، یان شتی دیکە، ئایین یان بەشێك لە ناوەرۆکی کتێبێکی پیرۆز، یان ڕێوڕەسمێکی ئایینی، وەك شێوازێك بۆ سووکایەتیکردن بە پێگەی سیاسی، یان کۆمەڵایەتی کەسانی دی، بەکاربهێنن.

حەوتەم: رێگا بەو کۆمەلاّنە نادرێت کە ئامانجیان، یان کردەوەکانیان لەگەڵ پرنسیپگەلی یاساکانی سزادان ناگونجێن، یان هەڵوێست دژ بە سستمی سیاسی هەرێم وەردەگرن، یان دژ بە پێکەوە ژیان و نزیکبوونەوە لە نێو پێکهاتە ئەتنیی و ئایینەکانی گەلی کوردستان بن.

## ماددەی شەست و هەشت:

هەموو کەسێك مافی بەشداریکردنی لە کۆبوونەوە و کۆمەڵەکانی ئاشتیدا هەیە و کۆسپیش لەسەر ئەم مافەی دانانرێت، ئەگەر بە یاسا نەبێت.

## ماددەی شەستو نۆ:

ئەو بەڵێننامە و پەیماننامە و ئاگادارییە نێودەوڵەتیانەی تایبەتن بە مافی مرۆڤ، کە لە لایەن عێراقەوە پەسەند کراون، یان پاشتر پەسەندیان دەکات، تەواوکەری ئەم دەستوورە دەبن.

## ماددەی حەفتا:

ئەو بیانیانەی لە هەرێمدان، لە هەموو ئەو ماف و ئازادیانەی لە بەڵێننامە کارپێکراوەکان و پەیماننامە و ڕێککەوتننامەی نێودەوڵەتیی دا کە کۆماری عێراقی یەکگرتوو، وەك لایەنێك پەسەندی کردوون، سوودمەند دەبن، بەلاّم ئەو ئەرکانانەی لەوێدا هاتوون لە ئەستۆیان دەبێت.

## ماددەی حەفتا و یەك:

کۆتدانان یان سنووردانان بۆ بەکارهێنانی هەر ماف و ئازادییەك کە لەم دەستوورەدا هاتووە، بە یاسا نەبێت دروست نییە، ئەویش بەمەرجێك ئەو کۆت و سنووردانانە کار نەکاتە سەر گەوهەری ماف یان ئەو ئازادییە کە کۆمەڵگەیێکی بنیاتنراو لەسەر بنەمای دیموکراسیی و شکۆمەندیی و یەکسانی و ئازادی دادوەرانە، قبووڵی بکات.

{ئەو ماف و ئازادییانەی لەم دەستوورەدا دەستنیشانکراون، ناشێت ڕێگە لە بەکارهێنایان بگیرێ، یان سنووردار بکرێن، بە یاسا نەبێت، ئەوەش بە مەرجێك ئەو کۆت و سنووردانانە نەبنە هۆی کەمکردنەوەی ناوەرۆکەکەیان و کۆمەڵگەیێکی بنیاتنراو لەسەر بنەمای دیموکراسیەت و شکۆمەندی مرۆڤ و یەکسانی و ئازادی، قبووڵی بکات}.

## بەشی چوارەم

## ئەرکەکان

**ماددەی حەفتا و دوو:**

بەرگریی لە نیشتمان و خاکەکەی و پاراستنی دامەزراوگەلی دەستووریی و پتەوکردنی یەکێتی نیشتمانیی و پابەندبوون بە پرنسیپە بەرزەکانی خەباتی گەلی کوردستان، لە پێناو ئازادی و دیموکراسیدا، ئەرکێکی پیرۆزی هەموو هاولاّتییانە.

**ماددەی حەفتا و سێ:**

پابەندبوون بە دەستوورو یاساکان و ڕەچاوکردنی پەیڕەوی گشتی، ئەرکی هەموو هاولاّتیانی کوردستانە.

**ماددەی حەفتا و چوار:**

ڕێزگرتن لە سەرکردەو سیمبۆلەکانی بزوتنەوەی رزگاریخوازی کوردی و شۆرش و شەهیدەکانی و شکۆمەندیی کەسوکاریان و پێشمەرگە دێرینەکان و ئەو تێکۆشەرانەی بەشدارییان تێداکردوون، ئەرکی پیرۆزی حکومەت و هاولاّتییانی کوردستانە.

**ماددەی حەفتا و پێنج:**

پاراستن و پارێزگاریکردنی سامانی گشتی و ڕێزگرتن لە مافی مولّکداریەتی خەلّکانی دی، ئەرکی هەموو هاولاّتییەکە.

**ماددەی حەفتا و شەش:**

هەموو کەسێك دەبێت بەشداریی لە خەرجی گشتی دا بکات، باج و فەرمانانە(رەسم) بەو شێوەیە بدات کە یاسا دیاری دەکات.

**ماددەی حەفتا و حەوت:**

هەر کەسێك پایەو ئەرکێکی فەرمی، یان خزمەتێکی گشتی پێدەسپێردرێ، دەبێت بە چاکی و پاکی و شەرەفەوە بەجێی بگەیێنێ.

## دەروازەی سێیەم

## دەسەلاّتەکانی هەرێمی کوردستان - عێراق

**ماددەی حەفتا و هەشت:**

دەسەلاّتەکانی هەرێمی کوردستان - عێراق ئەمانەن:

یەکەم: دەسەلاّتی یاسادانان (پەرلەمانی کوردستان)

دووەم: دەسەلاّتی جێبەجێکردن( ڕاپەڕاندن ).

سێیەم: دەسەلاّتی دادوەری.

## بەشی یەکەم

## دەسەلاّتی یاسادانان

## (پەرلەمانی کوردستان)

**ماددەی حەفتا و نۆ:**

پەرلـەمانی کوردسـتان دەسـەڵاتی یاسـادانەرە لـە هەرێمـداو ژێـدەری(مـەرجعی) بڕیاردانـە لەسـەر کێـشە چارەنووسسازەکانی گەلی هەرێمی کوردستان، ئەنـدامانی پەرلـەمان نوێنـەرانی گـەلن و بـە دەنگدانێکی گشتی و نهێنی راستەوخۆ هەڵدەبژێردرێن.

**ماددەی هەشتا:**

**یەکـەم:** شـێوەی هەڵبـژاردنی ئەنـدامانی پەرلـەمانی کوردسـتان – عێـراق و چـۆنێتی بەڕێوەچـوونی و دیاریکردنی کاتەکەی و رێژەی نوێنەرایەتی لە پەرلەمان و مەرجەکانی دەنگدەرو ئەندامبوون، بە پێـی یاسا دیاری دەکرێن.

**دووەم:** لــە پێکهاتــەی پەرلەمانــدا، نوێنەرایــەتی دادوەرانــە بــۆ نەتــەوەکانی هــەرێمی کوردســتان، رەچاودەکرێت.

**سێیەم:** ئەنـدامی پەرلـەمان نوێنەرایـەتی گـەلی کوردسـتانی - عێـرا ق بـە هـەموو پێکهاتـەی نەتـەوەیی وسیاسی و ئاینی دەکات, بەبێ ڕەچاوکردنی ئینتمای، یان ئەو ناوچەی نوێنەرایەتی دەکات.

**ماددەی هەشتا و یەك:**

**یەکەم:** خولی هەڵبژاردنی پەرلەمان چوار ساڵە و لە رۆژی یەکەمین کۆبوونەوەیەوە دەست پێدەکات.

**دووەم:** پەرلـەمان لەسـەر داوای سـەرۆکی هـەرێم لـە مـاوەی پـانزە ڕۆژدا، لـە ڕۆژی ڕاگەیانـدنی دوا ئەنجامـەکانی هەڵبژاردنـەکان کۆدەبێتـەوە، ئەگـەر داوای کۆبوونـەوەی لێنـەکرا، ئـەوا لـە کاتـژمێری دوانزەی نیوەڕۆی رۆژی دواتر، خۆی کۆدەبێتەوە.

**ماددەی هەشتا و دوو:**

پەرلەمان یەکەم دانیشتنی بە سەرۆکایەتی بەتەمەنترین ئەندامی دەبەستێت و بـە دەنگدانی نهێنـی سـەرۆك و جێگری سەرۆك و سکرتێری گشتی{سکرتێر} هەڵدەبژێردرێن.

**ماددەی هەشتا و سێ:**

ئەندامی پەرلەمان بەر لە دەست بەکاربوونی ئەم سوێندەی خوارەوە دەخوات:

"سوێند بەخوای گەورە دەخۆم کە بەرژەوەندی گەلی کوردستان و یەکێتیی و شکۆمەندیی و ماف و ئازادییەکانی هاووڵاتییانی بپارێزم و ئەرکی ئەندامێتیی بەراستگۆیی و دڵسۆزیی بەجێبگەێنم".

**ماددەی هەشتا و چوار:**

ئەندامی پەرلەمان لە رۆژی سوێندخواردنی دەستوورییەوە دەستبەرداری فەرمانەکەی پێشووی خۆی دەبێت و دەست لە کارەکەی هەڵدەگرێت، بەڵام دوای کۆتایی هاتن بە ماوەی ئەندامبوونی لە پەرلەماندا، مافی گەڕانەوەی بۆ سەرکاری خۆی، یان کارێکی نزیك لە کاری جارانی هەیە و مـاوەی ئەندامیـەتی لـە پەرلەمانـدا بـۆ مەبەسـتی زیادبوونی مووچە و پلەداریی و پێشکەوتن و خانەنشینی، حیساب دەکرێت. **{چاکترە جێگای ئـەم ماددەیـە لـە یاسای تایبەت بە هەڵبژاردنی پەرلەمانەوە بێت}.**

**ماددەی هەشتا و پێنج:**

ئەندامبوون لە پەرلەمانی هەرێمی کوردستان، لەگەڵ ئەندامێتی لە پەرلەمانی یەکگرتوو، یان ئەنجومەنی خۆجەیی، یان شارەوانی، یان فەرمانبەرایەتی گشتی، پێکەوە ناکرێن.

**ماددەی هەشتا و شەش:**

پەرلەمان لە ساڵێکدا دوو خولی چوارمانگی دەبەستێت و پەیڕەوی ناوخۆی چۆنێتی بەستنی دیاری دەکات و ئەو خولەی، کە بودجەی گشتی تیادا دەخرێتە بەرچاو، تا بڕیاری لەسەر نەدرێت کۆتایی نایەت.

**ماددەی هەشتا و حەوت:**

دەکرێ خولی بەستنی پەرلەمان بەداوای سەرۆکی هەرێم، یان سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران، یان بیستو پێنج ئەندام پەرلەمان بۆ ماوەیەك کە لە سی (٣٠) ڕۆژ زیاتر نەبێت، درێژبکرێتەوە، تا ئەو ئەرکانەی پێویستیان بەماوەکە هەیە، جێبەجێ بکرێن.

**ماددەی هەشتا و هەشت:**

ڕێژەی ئامادەبوونی یاسایی(نیساب) لە پەرلەماندا بە ئامادەبوونی زۆرینەی ڕەهای ئەندامانی پەرلەمان دروست دەبێت و بڕیارەکانی بە دەنگی زۆرینەی ئامادەبووان دەردەچن، ئەگەر دەقێکی پێچەوانە لە یاسادا نەبێت، ئەگەر دەنگەکان یەکسان بوون، ئەوا بەو لایەدا دەشکێتەوە، کە سەرۆکی پەرلەمان دەنگی پێداوە.

**ماددەی هەشتا و نۆ:**

(دە) ئەندامی پەرلەمان، یان زیاتر دەتوانن پێشنیازی پرۆژەی یاسا، یان بڕیار بکەن.

**ماددەی نەوەد:**

**یەکەم:** ئەندامی پەرلەمان دەتوانێ پرسیار لە سەرۆك وەزیران و جێگرەکەی و وەزیرەکان سەبارەت بەو کارانەی تایبەتن بە ئەنجومەنی وەزیران، یان یەکێك لە وەزارەتەکان بکات، یاسای پەرلەمان و پەیڕەوی ناوخۆ ڕێکی دەخات.

**دووەم:** (دە) لە ئەندامانی پەرلەمان دەتوانن لەسەرۆك، یان لە ئەندامانی ئەنجومەنی وەزیران بپرسنەوە، گوفتوگۆ سەبارەت بەو لێپرسینەوە پاش هەشت ڕۆژ، لە ڕۆژی گەیشتنی داواکە بە سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران ئەوجا دەکرێت، ئەگەر لێپرسینەوەکە گەیشتە ڕادەی داوای متمانە کێشانەوە لە سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران، یان وەزیرێك، ئەوا متمانە کێشانەوە لە سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران بە قایلبوونی دوو لەسەر سێی (٣/٢) ئەندامانی پەرلەمان دەبێت، بۆ وەزیریش بە زۆرینەی ڕەهای ئەندامانی پەرلەمان.

**ماددەی نەوەد و یەك:**

ماف و جیاوك(ئیمتیاز)ەکانی سەرۆکی پەڕلەمان و جێگرەکەی و سکرتێری گشتی {سکرتێری}و ئەندامانی پەرلەمان، بە یاسا دیاریدەکرێن.

**ماددەی نەوەد و دوو:**

یاسای پەرلەمان و پەیڕەوی ناوخۆی، چۆنیەتی کارکردن لە پەرلەمان و بەستنی دانیشتنی ئاسایی و نائاسایی وحاڵەتی کۆتایهێنانی ئەندامیەتی و چۆنیەتی پڕکردنەوەی کورسییە بەتاڵەکان، دیاری دەکات.

**ماددەی نەوەد و سێ:**

پەرلەمان ئەم ئەرکانەی خوارەوە بەجێ دەگەیێنێ:

**یەکەم:** بڕیاردان لەسەر کێشە چارەنوسسازەکانی گەلی کوردستان – عێراق.

**دووەم:** پەسەندکردنی پێشنیازی هەموارکردنی دەستووری هەرێم، بە زۆرینەی دوو لەسەر سێی (٣/٢) ژمارەی ئەندامانی، بە مەرجێك ئەو هەموارکردنە نەبێتە هۆی کەمکردنەوەی ئەو مافە سەرەکی و ئازادیانەی لەم دەستوورەدا هاتوون.

**سێیەم:** ١ - دانانی یاسا بۆ هەرێمی کوردستان و هەموارکردنیان و پوچەڵکردنەوەیان.

٢- هەموارکردنی چۆنیەتی پیادەکردنی ئەو یاسا فیدرالییانەی کە لەدەرەوەی دەسەڵاتە دیاریکراوەکانی(حەسری) دەسەڵاتە فیدرالیەکاندان.

**{ئەگەر ماددەی چوارەمی ئەم پرۆژەیە بەو شێوەی لە بڕگەی (ب) پێشنیازم کردووە کە "ئەو یاسایانەی لەلایەن دەسەڵاتی یەکگرتووەوە دەردەچن لە هەرێمی کوردستان دا کاریان پێناکرێ تا پەرلەمانی هەرێمی کوردستان پەسەندیان نەکات" پەسەندبکرێت، ئەم بڕگەیە زیاد دەبێت}.**

٣- دانانی ئەو یاسایانەی پێوەندیان بە دەسەڵاتی هاوبەشی نێوان دەسەڵاتەکانی یەکگرتوو(فیدرالی)و دەسەڵاتەکانی هەرێمەوە هەیە.

**چوارەم:** لادانی سەرۆکی هەرێم، یان جێگرەکەی، بە زۆرینەی ڕەهای دەنگی ئەندامانی پەرلەمان، ئەویش دوای خەتابارکردنی لەلایەن دادگەی دەستووری کوردستانەوە، لە یەکێك لەم حاڵەتانەی خوارەوەدا:

١- کارکردن بەپێچەوانەی سوێندی دەستووری.
٢- پێشێلکردنی دەستوور.
٣- ناپاکی(خیانەتی) گەورە.

**پێنجەم:** بڕوادان بە وەزارەت و ئەندامانی و لێسەندنەوەیان بە زۆرینەی ڕەهای دەنگی ئەندامانی پەرلەمان.

**شەشەم:** بڕیاردان لەسەر سیاسەتگەلی هاوبەشی نێوان حکومەتی هەرێم و حکومەتی یەکگرتوو {فیدرالی}.

**حەوتەم:** چاودێریکردنی کارەکانی دەسەڵاتی جێبەجێکردن و لێپێچینەوە لە سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران و جێگرەکەی و وەزیرەکان، بە پێی یاساو پەیڕەوی ناوخۆی.

**هەشتەم:** پەسەندکردنی بودجەی گشتی هەرێمی کوردستان و حسابەکانی کۆتایی و بڕیاری راگوێزان لە نێو بەشەکانی بودجەو پەسەندکردنی هەر خەرجێك، کە تێیدا باس نەکرابێ.

**نۆیەم:** پەسەندکردنی پلانی گشتی پەرەپێدان.

**دەیەم:** دانانی باج و فەرمانە(رەسم) و دەستکاری و سڕینەوەیان.

**یانزە:** یەکلاییکردنەوەی دروستیی ئەندامیەتی لە پەرلەماندا.

**دوانزە:** دانانی پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمان و دیاریکردنی میلاکی و خەملاندنی بودجەکەی و دامەزراندنی فەرمانبەرانی و دیاریکردنی مووچەیان.

**سیانزە:** پێکهێنانی لیژنەکانی هەمیشەیی و کاتیی و لێکۆڵینەوە لەو کێشانەی بە پێویست دەزانرێن.

**ماددەی نەوەد و چوار:**

پەرلەمان دەست لە دەسەڵاتی یاسادانان هەڵناگرێت، تەنیا لەو حاڵەتەدا نەبێت کە لە بڕگەی حەوتەمی ماددەی سەدو چواری ئەم دەستوورەدا هاتووە.

**ماددەی نەوەد و پێنج:**

**یەکەم:** ئەندام پەرلەمان ئامێزگرتن(حەسانە)ی پەرلەمانی هەیە و لەو سنوورەشدا، کە لە پەیڕەوی ناوخۆیی پەرلەماندا دیاریکراوە، لە قسەکردن و ڕادەربڕین دا ئازادە.

**دووەم:** کۆت بۆ ئازادیی ئەندامی پەرلەمان دانانرێت بەبێ ڕەزامەندیی پەرلەمانیش، نابێ چاودێریی لەسەر دابنرێ.

**سێیەم:** ئەندام پەرلەمان، لە کاتی خولی کۆبوونەوەکانی پەرلەماندا، ڕاوەدوو نانرێت و لێکۆڵینەوەی لەگەڵ ناکرێت و خۆی وماڵەکەی و نووسینگەکەی ناپشکێنرێن و ناشێ بەبێ ڕەزامەندیی پەرلەمان لە لایەن هیچ لایەنێکەوە دەستگیربکرێت، مەگەر لە حاڵەتی تاوانی بینراودا.

**چوارەم:** ئەندام پەرلەمان لە دەرەوەی خولی کۆبوونەوەکانی پەرلەماندا، بەبێ ڕەزامەندی سەرۆکی پەرلەمان، ڕاوەدوو نانرێت، لێکۆڵینەوەی لەگەڵدا ناکرێت و دەستگیر ناکرێت، مەگەر لە حاڵەتی تاوانی بینراودا، لەگەڵ دەستپێکردنەوەی کۆبوونەوەکانی پەرلەمانیشدا، دەبێ لەو ڕێوشوێنانەی دەرهەقی کراون، ئاگادار بکرێتەوە.

**ماددەی نەوەد و شەش:**

**یەکەم:** پەرلەمان بۆی هەیە، بە زۆرینەی دوو لەسەر سێی دەنگی ژمارەی ئەندامانی، خۆی هەڵوەشێنێتەوە.

**دووەم:** پەرلەمان بە فەرمانی سەرۆکی هەرێم لەم حاڵەتانەدا هەڵدەوەشێتەوە:

١- دەست لەکار کێشانەوەی زیاتر لە نیوەی ئەندامەکانی.

٢- ئەگەر لەرۆژی بانگهێشتکردنی بۆ کۆبوونەوە بۆ دەستپێکردنی خولی هەڵبژاردنی تا ماوەی چلو پێنج رۆژ، ژمارەی یاسایی(نیسابی) کۆبوونەوە، ئامادە نەبێت.

٣- ئەگەر پەرلەمان بڕوا بە سێ پێکهاتەی وەزارەتی پێشنیازکراوی جیاوازی یەك لەدوایەك، نەبەخشێت.

**سێیەم:** هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستان بە فەرمانی سەرۆکی هەرێم ئەنجامدەدرێت لەماوەی پانزە رۆژدا، لە رۆژی هەڵوەشاندنەوەیەوە، لەماوەی دوو مانگیش پێش کۆتایی هاتن بە خولی هەڵبژاردنی.

**{ئەم برگەیە کە لە کۆبوونەوەی لیژنەکە لە رۆژی ٢٣ ی ئاب خراوەتە سەر ئەم ماددەیە، بە زیادی دەبینم، چونکە لە ماددەی نەوەدو حەوتدا باسی لێکراوە و جیاوازیش لەنێو ماوەکانیاندا هەیە}.**

**ماددەی نەوەد و حەوت:**

لـه حالـەتی هەڵوەشـاندنەوەی پەرلەمانـدا، یـان کۆتاییهـاتن بـە خـولی هەڵبژاردنەکەیـدا، هەڵبـژاردنێکی نـوێ سازدەکرێت کە لـە مـاوەی ئەوپەڕەکـەی شەسـت ڕۆژدا، لـە ڕۆژی هەڵوەشـاندنەوەیەوەن یـان لـەماوەی دوومـانگی پێش کۆتاییهاتن بە خولی هەڵبژاردندا ئەنجام دەدرێت.

**ماددەی نەوەد و هەشت:**

ئەگەر ماوەی خولی هەڵبـژاردنی پەرلـەمان کۆتاییهات و بـەهۆی شـەڕ، یـان کارەسـاتی سرووشـتی یـەوە نـەتوانرا هەڵبژاردنێکی نوێ ساز بکرێت، پەرلەمان لەسەر ئەرکەکانی خۆی بەردەوام دەبێت، تا هەڵبژاردنی پەرلەمانێکی نوێ و کۆبوونەوەی یەکەمی ساز دەدرێت.

## بەشی دووەم

## دەسەڵاتی جێبەجێکردن ( ڕاپەڕاندن )

## یەکەم: سەرۆکی هەرێمی کوردستان

**ماددەی نەوەد و نۆ:**

**یەکەم:** هەرێم سەرۆکێکی هەیە بەناوی "سـەرۆکی هـەرێمی کوردسـتان" کـە سـەرۆکی بـاڵای دەسـەڵاتی ڕاپەڕاندنـە و فەرمانـدەی گـشتیی هێـزی پێـشمەرگەیە (پاسـەوانی هـەرێم) و نوێنـەری گـەلی هـەرێمی کوردستانە و لە بۆنەی نیشتمانی و نەتەوەییدا نوێنەرایەتی دەکات و هاوئاهەنگیی لە نێـوان دەسـەڵاتی فیدراڵ و هەرێمدا پێك دێنێت.

**دووەم:** سەرۆکی هەرێم جێگرێکی هەیە، لە ئەرکەکانیدا هاریکاری دەکات و لـەکاتی ئامادەنەبوونیـشیدا جێگەی دەگرێتەوە و جێگری فەرماندەی گشتی هێزی پێشمەرگەیە.

**ماددەی سەد:**

سـەرۆکی هـەرێمی کوردسـتان بـە دەنگـدانی نهێنـی گـشتیی ڕاسـتەوخۆ لەلایـەن هاووڵاتیـانی هەرێمـەوە هەڵدەبژێردرێت.

**ماددەی سەد و یەك:**

شـێوەی هەڵبـژاردنی سـەرۆکی هـەرێمی کوردسـتان و{جێگرەکـەی}و مەرجـەکانی پـاڵاوتنی و چـۆنیەتی تۆمەتبارکردن و دادگاییکردن و حاڵەتەکانی کۆتاییهاتنی ماوەی سەرۆکایەتیی، بە یاسا دیاریدەکرێت .

**ماددەی سەد و دوو:**

سەرۆکی هەرێم بەر لە دەستبەکاربوونی ئەرکەکانی، ئەم سوێندە دەستوورییەی خـوارەوە، لەبـەردەم پەرلـەمانی کوردستاندا دەخوات: "سوێند دەخۆم بـە خـوای گـەورە، کـە پارێزگـاریی لـە مـاف و دەسـکەوتەکان و یەکیـەتی و بەرژەوەندیەکانی گەلی هەرێمی کوردستان بکەم و ڕاستگۆیانە و دڵسۆزانە ئەرکەکانم جێبەجێ بکـەم و پابەنـدی دەستووری هەرێمی کوردستانی - عێراق بم".

**ماددەی سەد و سێ:**

مـاوەی سـەرۆکایەتی سـەرۆکی هـەرێمی کوردسـتان چـوار سـاڵ دەبێـت و دەکرێـت هـەمان کـەس بـۆ یـەك جـاری دیکەش هەڵبژێردرێتەوە.

**ماددەی سەد و چوار:**

**سەرۆكی هەرێم ئەم دەسەڵاتانەی دەبێت:**

**یەكەم:** پێشنیازكردنی پرۆژەی یاسا و بڕیار بۆ پەڕلەمانی كوردستان – عێراق.

**دووەم:** دەركردنی ئەو یاسا و بڕیارانەی، كە پەرلەمانی كوردستان – عێراق پەسەندیان دەكات لەماوەی (دە) رۆژدا، لە رۆژی وەرگرتنیان لەلایەن دیوانی سەرۆكایەتییەوە، بۆی هەیە تانە لە بەشێك، یان لە هەموویان بدات، بۆ چاوپێداخشاندنەوە ڕەوانەی پەرلەمانی بكاتەوە ، بڕیاری پەرلەمانیش لە بارەیەوە یەكلاكەرەوە و بنبڕ دەبێت، ئەگەر لەماوەی دە رۆژی دیاریكراودا لەلایەن سەرۆكایەتی هەرێمەوە دەرنەكرێت، بە پەسەندكراو دادەنرێت.

**سێیەم:** دەركردنی فەرمان(مەرسوم) بۆ ئەنجامدانی هەڵبژاردنی گشتیی پەرلەمانی كوردستان، لە كاتی هەڵوەشاندنەوە، یان كۆتایی هاتن بە ماوەی خولی هەڵبژاردنی، ئەویش بە پێی ماددەی ٩٦ ی ئەم دەستوورە، لەگەڵ ڕەچاوكردنی ئەو كاتانەی لە هەردوو ماددەی ٩٦ و ٩٧ دا هاتوون.

**چوارەم:** دەركردنی فەرمان(مەرسوم) بۆ بانگهێشتكردنی پەرلەمانی كوردستان، بۆ بەستنی یەكەم دانیشتنی خولی هەڵبژاردنی لەماوەی پازدە رۆژدا، لە رۆژی ڕاگەیاندنی دوا ئەنجامەكانی. ئەگەر ئەو بانگهێشتنە نەكرێت، ئەوا پەرلەمان خۆی رۆژێك دوای تەواوبوونی ئەو ماوە دیاریكراوە، كۆدەبێتەوە.

**پێنجەم:** دەركردنی فەرمان(مەرسوم) بە هەڵوەشاندنەوەی پەرلەمانی كوردستان – عێراق لەو حاڵەتانەی كە لەم دەستوورە، یان لە یاسای پەرلەمانی كوردستاندا، دیاریكراون.

**شەشەم:** لابردنی وەزیرێك، لەسەر پێشنیازی سەرۆكی ئەنجومەنی وەزیران.

**حەوتەم:** دەركردنی فەرمان(مەرسوم) كە هێزی یاسایی هەیە، دوای ڕاگۆڕینەوە و ڕێككەوتن لەگەڵ سەرۆكی پەرلەمان و سەرۆكی ئەنجومەنی وەزیرانی هەرێم، ئەگەر هەرێمی كوردستان و سستمی سیاسیی، یان ئاسایشی گشتیی، یان دامەزراوەكانی دەستووریی بەرەوڕووی مەترسیی تێكدەرانەی ئەوتۆ بن، كە هەڕەشە لە قەوارەكەی بكات و پەرلەمانیش نەتوانێت كۆببێتەوە، بەمەرجێك ئەو فەرمان(مەرسوم)انە لەیەكەم كۆبوونەوەی پەرلەماندا بخرێنە بەردەمی. ئەگەر نەخرانە بەردەمی، یان خران و پەرلەمان پەسەندی نەكردن، ئەوا سیفەتی یاسایی لەدەست دەدەن.

**هەشتەم:** دەركردنی لێبوردنی تایبەت بە تاوانباران، ئەویش بە یاسا ڕێكدەخرێت.

**نۆیەم:** پەسەندكردنی بڕیاری لە سێدارەدان، یان كەمكردنەوەی بۆ زیندانكردنی تاهەتایی.

**دەیەم:** ڕاگەیاندنی باری نائاسایی لە حاڵەتی جەنگ، یان داگیركردن، یان یاخیبوون، یان پشێویی، یان كارەساتی سرووشتی، یان بڵاوبوونەوەی پەتا، یان هەر حاڵەتێكی نائاسایی كتووپڕیی دیكە، بەو مەرجەی ماوەی یەكەمیان لە مانگێك تێپەڕ نەكات و درێژكردنەوەكانی دواتر بۆ ماوەیەك بن كە هەرجارە لە سێ مانگ تێپەڕ نەكات و بە قاییلبوونی زۆرینەی ڕەهای ئەندامانی پەرلەمان بێت، حوكمە تایبەتیەكانی باری نائاسایی بە یاسا رێكدەخرێن.

**یازدەیەم:** بانگهێشتكردنی ئەنجومەنی وەزیران بۆ كۆبوونەوەی نائاسایی لە كاتی پێویستدا و هەڤپەیەیڤین لەبارەی ئەو بابەتە دیاریكراوانەی كۆبوونەوەكەی بۆ بەستراوە و سەرۆكایەتی كردنی ئەو كۆبوونەوە.

**دوازدەیەم:** ڕێگەدان بە هاتنە ناوەوەی هێزی چەکداری یەکگرتوو، یان هەر یەکەیەکی سەربازیی دیکە، بۆ ناو هەرێمی کوردستان لەکاتی پێویستدا، بە قایلبوونی پەرلەمانی کوردستان – عێراق، بەمەرجێك ئەرك و شوێن و ماوەی مانەوەیان دیاری بکرێن.

**سێزدەیەم:** سەرۆکی هەرێم، بە قایلبوونی پەڕلەمانی هەرێم، بۆی هەیە هێزی پێشمەرگە "پاسەوانانی هەرێم"، یان هێزی ئاسایشی ناوخۆی هەرێم بۆ دەرەوەی بنێرێت. **{چاکترە ئەم برگەیە لە ماددەی سێزدەمدا کە، تایبەتە بە هێزی پێشمەرگە، لەوێدا بنووسرێت}.**

**چواردەیەم:**

١- ڕاسپاردنی کاندیدکراوی ئەو فراکسیۆنە پەرلەمانییەی کە زۆرینەی ژمارەی کورسییەکانی بەدەستهێناوە بۆ پێکهێنانی کابینەی وەزیران، لە ماوەی سی (٣٠) رۆژدا، لە رۆژی راسپاردنیەوە.

٢- لەحاڵەتی سەرنەکەوتنی کاندیدکراوی یەکەم بۆ پێکهێنانی وەزارەتەکەی لەو ماوەدا، سەرۆکی هەرێم کاندیدکراوێکی دی لە هەمان فراکسیۆن ڕادەسپێرێ، بۆ هەمان ئەو ماوەی لە پەرەگرافی یەکەمی سەرەوەدا دیاریکراوە.

٣- لەحاڵەتی سەرنەکەوتنی کاندیدکراوی دووەمیش بۆ پێکهێنانی وەزارەتەکە، سەرۆکی هەرێم بۆی هەیە کەسێکی دیکەی شیاو بۆ پێکهێنانی وەزارەتەکە رابسپێرێ.

٤- کەسی کاندیدکراو بۆ پێکهێنانی وەزارەت، دەشێ ئەندامی پەرلەمان، یان لە دەرەوەی پەرلەمان بێت.

**پازدەیەم:** دەرکردنی فەرمان(مەرسوم)ێك بە قبوڵکردنی دەست لە کارکێشانەوەی ئەنجومەنی وەزیران یان وەزیرێك، ئەگەر پەرلەمان بڕوای لە هەر یەکێکیان کێشایەوە.

**شازدەیەم:** دەرکردنی فەرمان(مەرسوم) بە قبوڵکردنی دەست لەکار کێشانەوەی ئەنجومەنی وەزیران، یان وەزیرێك لەگەڵ راسپاردنیان بۆ درێژەپێدانی ئەرکەکانیان، تا پێکهاتنی وەزارەتێکی نوێ پێك دێت.

**حەڤدەیەم:** دەرکردنی فەرمان(مەرسوم) بە دامەزراندنی ئەو نووسینگانەی تایبەتن بە هەرێم بۆ کاروباری ڕۆشنبیری و کۆمەلایەتی و پەرەپێدانیان لە باڵوێزخانەو نێردراوە دیپلۆماتەکانی عێراق، لە دەرەوەدا.

**هەژدەیەم:** دامەزراندنی خاوەن پایە تایبەتەکان، پاش کاندیدکردنیان لەلایەن وەزیری تایبەتمەند و رەزامەندیی ئەنجومەنی وەزیران.

**نۆزدەیەم:** دامەزراندنی دادوەران و سەرۆك و ئەندامانی داواکاری گشتی، دوای کاندیدکردنیان لەلایەن ئەنجومەنی دادوەری هەرێمەوە.

**بیستەم:** بەخشینی پلەی سەربازیی بە ئەفسەرانی پێشمەرگە (پاسەوانانی هەرێم)و هێزەکانی ئاسایشی ناوخۆ و دەرکردنیان و خانەنشینکردنیان، بەپێی یاسا.

**بیستو یەکەم:** بەخشینی نیشانە و مەدالیای تایبەت، بەپێی یاسا.

**ماددەی سەد و پێنج:**

مووچەو دەرماڵەی سەرۆکی هەرێم و جێگرەکەی بە یاسا دیاری دەکرێت.

**ماددەی سەد و شەش:**

سەرۆكایەتی هەرێم دیوانێكی دەبێت، كە پێكهاتەو ئەركەكانی بە گوێرەی قانون دیاری دەكرێن.

**ماددەی سەد و حەوت:**

**یەكەم:** ئەگەر سەرۆكی هەرێم دەستی لەكاركێشایەوە، یان كۆچی دوایی كرد، یان تووشی پەككەوتەیی هەمیشەیی هات، سەرۆكێكی تر بە هەمان رێگە، كە لەم دەستوورەدا دیاریكراوە، هەڵدەبژێردرێت.

**دووەم:** ئەگەر پلەی سەرۆكی هەرێمی كوردستان چۆڵ بوو، سەرۆكی پەرلەمان ئەركەكانی ڕادەپەڕێنێ تا سەرۆكێكی نوێ بە هەمان شێوە كە لەم دەستوورەدا هاتووە، هەڵدەبژێردرێت.

**{ئێستا سەرۆكی هەرێم جێگرێكی هەیە، بۆیە ئەم برگەیە چاكترە دەستكاری بكرێت و بەم شێوەیە دابرێژرێتەوە: "لەكاتی چۆڵبوونی پلەی سەرۆكی هەرێمی كوردستان، جێگرەكەی ئەركەكانی ڕادەپەڕێنێ تا سەرۆكێكی نوێ بە هەمان شێوەی لەم دەستوورەدا هاتووە، هەڵدەبژێردرێت".}**

**سێیەم:** لە كاتی ئامادەنەبوونی سەرۆكی هەرێمی كوردستان، یان وەرگرتنی پشوو، جێگرەكەی ئەركەكانی بەجێ دەگەیێنێت.

## دووەم: ئەنجومەنی وەزیرانی هەرێمی كوردستان

**ماددەی سەد و هەشت:**

ئەنجومەنی وەزیرانی هەرێمی كوردستان دەسەڵاتی ڕاپەڕاندن و بەڕێوەبەرایەتییە لە هەرێمداو لەژێر چاودێری و ئاراستەكردنی سەرۆكی هەرێمی كوردستاندا ئەركەكانی جێبەجێ دەكات.

**ماددەی سەد و نۆ:**

**یەكەم:** ئەنجومەنی وەزیران لە سەرۆك و جێگرەكەی و وەزیرەكان پێكدێ و بە یاسا پێكهاتەكەی دیاری دەكرێت.

**دووەم:** كەسی دەستنیشانكراو بۆ پێكهێنانی كابینەی وەزیران، بە پێی برگەی سێزدە لە ماددەی نەوەدو پێنجی ئەم دەستوورە، رادەسپێردرێ.

**سێیەم:** سەرۆك وەزیرانی راسپێردراو، لە ئەندامانی پەرلەمانی كوردستان، یان لە كەسانی دی، كە مەرجی ئەندامیەتی پەرلەمانیان تێدایە، جێگرەكەی و وەزیرەكانی دەستنیشاندەكات.

**چوارەم:** سەرۆك وەزیرانی راسپێردراو لیستێك بەناوی ئەندامانی وەزارەتەكەی پێشكەش بە سەرۆكی هەرێم دەكات، بۆ پەسندكردنی.

**پێنجەم:** دوای پەسەندكردنی لەلایەن سەرۆكی هەرێمەوە، سەرۆكی وەزیرانی راسپێردراو ئەندامانی وەزارەتەكەی پێشكەش بە پەرلەمان دەكات و داوای متمانەپێدانیان بۆ دەكات.

**شەشەم:** سەرۆكی ئەنجومەنی وەزیران سەرۆكایەتی دانیشتنەكانی ئەنجومەنی وەزیران دەكات، تەنیا لەو دانیشتنانەدا نەبێ، كە سەرۆكی هەرێم ئامادەی دەبێت.

**ماددەی سەد و دە:**

پاش متمانەوەرگرتن لەلایەن پەرلەمانەوە و پێش دەستبەكاربوونی ئەركەكانیان بە شێوەیێكی فەرمی، سەرۆك و ئەندامانی ئەنجومەنی وەزیران، ئەم سوێندە دەستووریە لەبەردەم پەرلەماندا دەخۆن: "سوێند بە خوای گەورە

دەخۆم، کە بە دڵسۆزییەوە پارێزگاریی لە یەکیەتی گەل و خاکی کوردستانی- عێراق بکەم و رێز لە دەستوورو یاسا کارپێکراوەکانی بگرم و چاودێریی تەواوی پەرژەوەندیەکانی گەل بکەم".

**ماددەی سەد و یازدە:**

لە پێکهێنانی ئەنجومەنی وەزیرانی هەرێمی کوردستاندا پێویستە رەچاوی نوێنەرایەتییەکی دادوەرانەی نەتەوەکانی هەرێم بکرێت.

**ماددەی سەد و دوازدە:**

وەزیرەکان لەبەردەم پەرلەمانی کوردستاندا هەموویان هاوکارن لە بەرپرسیارەتی سەبارەت بە کارەکانی ئەنجومەنی وەزیران، هەر وەزیرێکیش خۆی بەرپرسی یەکەم وراستەوخۆ دەبێ لە کاری وەزارەتەکەی.

**ماددەی سەد و سێزدە:**

ئەنجومەنی وەزیران ئەم دەسەڵات و تایبەتمەندیيانەی خوارەوەی جێبەجێ دەکات:

**یەکەم:** جێبەجێکردنی یاساو بریارو پەیرەو و رێنوێنی (رێنمایی) لەگەڵ پاراستنی ئاسایيشی هەرێم و سامان و ماڵی گشتی.

**دووەم:** بە هاوکاری لەگەڵ سەرۆکی هەرێمی کوردستاندا، نەخشەی گشتی سیاسەتی هەرێم دادەنێ و لەدوای قایلبوونی پەرلەمان، جێبەجێشی دەکات.

**سێیەم:** ئامادەکردنی پرۆژەی پلانی گەشەپێدان و جێبەجێکردنیان، پاش ئەوەی لەلایەن پەرلەمانەوە پەسەند دەکرێن.

**چوارەم:** بەرێوەبردنی کاروباری چاڵە نەوت و گازی دەرهێنراو لە خاکی کوردستانی عێراق، کە بەری بازرگانییان پێش پازدەی ئابی ٢٠٠٥ هەبووە، لە ئەستۆی حکومەتی هەرێمی کوردستان و حکومەتی فیدرالی دەبێ، بە مەرجێك داهاتەکانی بە شێوەیەکی دادوەرانە و بە پێی ئەو بنەمایانەی لە ماددەی ١١٢ دەستووری یەکگرتوودا دیاریکراون، دابەش بکرێن، ئەوەش بە یاسا رێکدەخرێت. پێوەری بەرهەمهێنانی بازرگانیش بۆ جێبەجێکردنی حوکمی ئەم پەرەگرافە، بە دەرهێنانی پێنج هەزار بەرمیلی نەوت لە رۆژێکدایە، لەماوەی دوازدە مانگی پێش پازدەی ئابی ٢٠٠٥، دەخەمڵێندرێت.

**{پێشنیاز دەکەم ئەم ماددەیە بەسەر دوو برگەدا دابەشبکرێت:**

**١. بەرێوەبردنی کاروباری چاڵە نەوت و گازی دەرهێنراو لە کوردستانی عێراق، کە بەری بازرگانییان پێش پازدەی ئابی ٢٠٠٥ هەبووە، لە ئەستۆی حکومەتی هەرێمی کوردستان و حکومەتی فیدرالیدا بێ، بە مەرجێك داهاتەکانی بە شێوەیەکی دادوەرانە و بە پێی ئەو بنەمایانەی لە ماددەی ١١٢ دەستووری فیدرالدا دیاریکراون، دابەش بکرێن، ئەوەش بە یاسا رێکدەخرێت.**

**٢. بەرهەمهێنانی بازرگانیی بۆ جێبەجێکردنی حوکمی پەرەگرافی سەرەوە بە دەرهێنانی پێنج هەزار بەرمیلی نەوت لە رۆژێکدایە، لەماوەی دوازدە مانگی پێش پانزەی ئابی ٢٠٠٥ دا.}**

**پێنجەم:** حکومەتی هەرێمی کوردستان لەگەڵ حکومەتی فیدرالدا، نەخشەی سیاسەتی ستراتیژی پێویست بۆ پەرەپێدانی سامانی نەوت و گازی هەرێم دەکێشن، پاش ئەوەی لەلایەن پەرلەمانی هەرێمەوە پەسەند دەکرێ.

**شەشەم:** حکومەتی هەرێمی کوردستان لەو چاڵانەی کە نەوت و گازیان لێ دەرنەهێراوە، یان دەرهێنراون بەڵام پێش پازدەی ئابی ٢٠٠٥ بەرهەمی بازرگانیان نەبووە، هەموو کارێکی پێویست سەبارەت بە دۆزینەوە و دەرهێنان و بەڕێوەبردن و دروستکردن و فرۆشتن و بازاردیتنەوە و ناردنە دەرەوە وکاری دیکەش لە ئەستۆ دەگرێت، ئەوەش بە یاسا ڕێکدەخرێت. پێوەری بەرهەمهێنانی بازرگانییش بۆ جێبەجێکردنی حوکمی ئەم پەرەگرافە دەرهێنانی پێنج هەزار بەرمیلی نەوتە لە ڕۆژێکدا لەماوەی دوانزە مانگی پێش پازدەی ئابی ٢٠٠٥ دا.

**حەوتەم:** پیادەکردنی ئەو دەسەڵاتانەی کە بە پێی مادەی ١١٠ی دەستووری یەکگرتوو لە دەسەڵاتی دیاریکراوی فیدرالی نین و ئەرکی جێبەجێکردنیان تایبەتە بە هەرێمی کوردستانەوە.

**هەشتەم:** پیادەکردنی ئەو دەسەڵاتە هاوبەشانەی لە دەسەڵاتی حکومەتی فیدرال و دەسەڵاتی هەرێم دان، بەپێی حوکمەکانی دەستووری فیدرالی عێراق.

**نۆیەم:** ئامادەکردنی پرۆژەی بودجەی گشتی هەرێم.

**دەیەم:** ئامادەکردنی پرۆژەی یاسا و بڕیار و پێشکەشکردنیان بە پەرلەمانی کوردستانی - عێراق.

**یازدەیەم:** دەرکردنی بڕیاری جێبەجێکردن و بەڕێوەبردن بەپێی یاسا و پەیڕەوەکان.

**دوازدەیەم:** سەرپەرشتیکردنی کاری وەزارەت و دەزگا و شوێنە گشتییەکانی هەرێمی کوردستان و ئاراستە و بەدواداچوون و چاودێریکردنیان، لەگەڵ هاوئاهەنگیکردن لە نێوانیاندا.

**سێزدەیەم:** دامەزراندنی فەرمانبەران و دیاریکردنی مووچە و بەرزکردنەوە و دەرکردن و لابردن و خانەنشینکردنیان، بەپێی یاسا، کە بە پێچەوانەی یاسای ئەنجومەنی ڕاژەی مەدەنی نەبێت لە هەرێمدا.

**چواردەیەم:** دەستنیشانکردنی نوێنەرانی هەرێم لە دستەکانی فیدرالیی سەربەخۆ و ئەو فەرمانبەرایەتییە فیدراڵیانەی لە پایەی بەڕێوەبەری گشتی و بەرەوژوورن، ئەویش دوای ئەوەی پەرلەمانی کوردستان، پێی قایل دەبێ.

**پازدەیەم:** دروستکردن و ڕێکخستنی هێزی ئاسایشی ناوخۆی هەرێم، وەك پۆلیس و ئاسایش و پاسەوانی هەرێم.

## ماددەی سەد و چواردە:

**یەکەم:** ئەنجومەنی وەزیران لە یەکێك لەم حاڵەتانەی خوارەوەدا بە دەستکێشەرەوە دادەنرێت:

١- دەستکێشانەوەی سەرۆکەکەی.

٢- پەرلەمانی کورستان بڕوا لە سەرۆکەکەی بکێشێتەوە.

٣- دەستپێکردنی ویلایەتێکی نوێی پەرلەمانی کوردستان -عێراق.

٤- دەستپێکردنی ویلایەتێکی نوێی سەرۆکی هەرێمی کوردستان.

٥- کۆچی دوایی سەرۆکی ئەنجومەن.

دووەم: وەزیر بەدەستکێشەرەوە دادەنرێت ئەگەر پەرلەمانی کوردستان بڕوای لێبستێنێتەوە.

سێیەم: ئەنجومەنی وەزیرانی دەستکێشەرەوە، ئەنجومەنێکی تایبەت بە بەڕێوەبردنی کاروبار دەبێت تا پێکهێنانی ئەنجومەنێکی نوێ.

**ماددەی سەد و پازدە:**

یەکەم: چۆنێتی تۆمەتبارکردنی سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران و جێگرەکەی و وەزیرەکان و دادگاییکردنیان بە یاسا دیاری دەکرێت.

دووەم: مووچەو دەرماڵەو جیاووکەکان(ئیمتیاز)ی سەرۆکی وەزیران و جێگرەکەی و وەزیرەکان بە یاسا دیاری دەکرێت.

## بەشی سێیەم

## دەسەڵاتی دادوەریی

## یەکەم: بنەمای گشتیی

**ماددەی سەد و شازدە:**

دادگە سەربەخۆیەو جگە لە یاسا، هیچ دەسەڵاتێکی تری بەسەرەوە نییە.

**ماددەی سەد و حەڤدە:**

دادگە ویلایەتی گشتی بەسەر هەموو کەسانی ئاسایی و مەعنەویی هەرێمی کوردستاندا هەیە.

**ماددەی سەد و هەژدە:**

بڕیاری دادگەکان بەناوی گەلەوە دەردەچێت و جێبەجێ دەکرێت.

**ماددەی سەد و نۆزدە:**

دادەوەران لانابرێن تەنیا لەو حاڵەتانەدا نەبێت کە یاسا ڕێگای داوە.

**ماددەی سەد و بیست:**

دادوەر و ئەندامی داواکاری گشتیی ئەم کارانەی خوارەوەیان لێ قەدەغەیە:

یەکەم: کۆکردنەوە لەنێوان خزمەتی دادوەری، لەگەڵ خزمەتی یاسادانان و جێبەجێکردن و هەر کارێکی تر.

دووەم: چوونە ریزی پارتی سیاسی، یان رێکخراوێکی رامیاری، یان کارکردن لە هەر چالاکییەکی سیاسیدا.

**ماددەی سەد و بیستو یەك:**

دادگەییکردن بە ئاشکرا دەبێت، مەگەر دادگە بە ڕەچاوکردنی پەیڕەوی گشتی، یان ئادابی گشتی، یان رێزی خێزان، بڕیاری پۆشینیان بدات، بەمەرجێك دەربڕینی بڕیارەکە، لە دانیشتنێکی ئاشکرادا بێت.

**ماددەی سەد و بیستو دوو:**

دامەزراندنی دادگەی تایبەت، یان نائاسایی لە هەرێمدا قەدەغەیە.

**ماددەی سەد و بیستو سێ:**

یاسا ئەو دادگە تایبەتمەندانە ڕێکدەخات، کە تایبەتن بە تەماشاکردنی ئەو تاوانانەی شێوازی سەربازییانەیان هەیە و لە کەسانی سەر بە هێزی پێشمەرگە و هێزی ئاسایشی ناوخۆ ڕوودەدەن، هەروەسا ئەو تاوانانەی لەنێوان کەسانی سەر بە هێزی پێشمەرگە و کەسانی سەر بە ئاسایشی ناوخۆن ڕوودەدەن.

### ماددەی سەد و بیستو چوار:

**یەکەم:** ناکرێت ئەو حوکمانەی تایبەتن بە باری کەسایەتی ئاینێك بەسەر کەسانی سەر بە ئاینێکی دیکەدا بسەپێندرێن.

**دووەم:** ئەو خەڵکانەی سەر بە ئایین و ئایینزای جیاوازن، وەك مەسیحی و ئێزدی و کەسانی دی، ئەنجومەنی روحانی تایبەت بە خۆیان دادامەزرێنن و کار بە حوکمی تایبەت بە باری کەسایەتی خۆیان دەکەن، کە بە یاسا دیاریدەکرێت و دادگەی تایبەتی باری کەسیی تەماشایان دەکات.

**سێیەم:** حوکمی ئەو یاسایانەی کە تایبەتن بە باری کەسایەتی ناموسوڵمانان جێبەجێ دەکرێت، تا ئەو کاتەی یاسایەکی تایبەت بە باری کەسایەتی ناموسڵمانان پەسەند دەکرێت

### ماددەی سەد و بیستو پێنج:

ناشێت دەقێکی یاسایی ڕێگا لە دادگە بگرێت، کە ئەو داوایانەی لەو یاسایە پەیدا دەبن، تەماشا نەکرێن.

### ماددەی سەد و بیستو شەش:

ناشێت دەقێکی یاسایی ڕێگا لە تانەدان لە کارێك، یان بڕیارێکی کارگێڕیی بگرێت.

### ماددەی سەد و بیستو حەوت:

یاسا بێلایەنیی دەزگاکانی بەڕێوەبردن دەستەبەر دەکات وسزای ئەو کەسانەش دەدات، کە زێدەڕەویی لە بەکارهێنانی دەسەڵاتیان دەکەن.

### ماددەی سەد و بیستو هەشت:

هەر کەسێك بە هۆی هەڵسوکەوت، یان کردەوە، یان کەمتەرخەمی کەسێکی سەر بە دەزگا، یان دەستەیەکی حکومیی لە کاتی جێبەجێکردنی ئەرکەکانیا، زیانمەندبێت مافی خۆیەتی داوای قەرەبووکردنەوە لەو دەزگاو دەستەیە بکات.

### ماددەی سەد و بیستو نۆ:

بڕیاری دادوەریی دەبێ جێبەجێ بکرێت و سەرپێچی لە جێبەجێکردنی، یان دواخستنی جێبەجێکردنی تاوانە و کەسی بەرپرسیش دەبێت بە پێی یاسا سزا بدرێت. ئەگەر تۆمەتپێکراو کارمەندێکی گشتی بێ، یان خزمەتێکی گشتی پێ سپێردرابێت، ئەوا جگە لە سزای یاسایی، لەسەر کارەکەیشی لادەبرێت و کەسی بڕیاربۆدراو راستەوخۆ دەتوانێ داوای قەرەبووکردنەوە لە دادگەی تایبەتمەند بکات و حکومەتی هەرێمیش بەرپرسە لە قەرەبووکردنەوەی زیانمەند.

## دووەم: ئەنجومەنی دادوەری

### ماددەی سەد و سی:

دەسەڵاتی دادوەریی لە هەرێمدا سەربەخۆیەو لە ئەنجومەنی دادگەو دادگەی دەستووریی و دادگەی پێداچوونەوە( تەمییز)و ئەنجومەنی ڕاوێژکاریی(شورا)و دەستەی سەرپەرشتی داد و دەزگای داواکاری گشتی و

دادگەکان بە پایەی جۆراوجۆریانەوە، پێکدێت، شێوەی پێکهاتەو مەرج و کارڕایی دامەزراندنی ئەندامانی و بەرپرسیارێتیان بە یاسا ڕێکدەخرێن.

**ماددەی سەد و سیو یەك:**

**یەکەم:** ئەنجومەنی دادوەریی لە سەرۆکی دادگەی دەستووریی و جێگرێکی و سەرۆکی دادگەی پێداچوونەوە( تەمییز) و یەکێك لە جێگرانی و سەرۆکی دەستەی سەرپەرشتی دادوەریی و سەرۆکی داواکاری گشتیی و سەرۆکی دادگەکانی هەڵچوونەوە(ئیستیناف) لە ناوچەکانی هەرێم، پێکدێت.

**دووەم:** ئەنجومەنی دادوەریی، بەپێی یاسا، بەڕێوەبەرایەتی کاروباری دادگەو سەرپەرشتی دەزگاکانی دادوەریی و دەستەبەری سەربەخۆییان دەکات.

**ماددەی سەد و سیو دوو:**

**یەکەم:** دەسەڵاتی دادوەریی، بودجەی تایبەت بەخۆی دەبێت و بە بودجەی هەرێمەوە هاوپێچ دەکرێت.

**دووەم:** ئەنجومەنی دادوەریی ساڵانە پرۆژەی بودجەی دەسەڵاتی دادوەریی ئامادە دەکات و دەیخاتە بەردەم پەرلەمانی کوردستان – عێراق تا بڕیاری لەسەربدات، بەمەرجێك ژمارە کۆتاییەکەی لە ناو بودجەی ساڵانەی هەرێمدا دابنرێت.

## سێهەم: دادگەی دەستووریی

**ماددەی سەدو سیو سێ:**

کوردستانی عێراق دادگەیێکی باڵای بەناوی "دادگەی دەستووریی کوردستان" دەبێت، کە بە یاسا دادەمەزرێت.

**ماددەی سەد و سیو چوار:**

**یەکەم:** دادگەی دەستووریی کوردستان، لە حەوت{ **چاکترە پێنج بن}**ئەندام پێکدێت بە سەرۆکیشەوە، ئەمانەش لەو{**یاسازانایانە هەڵدەبژێردرێن، کە لە بواری یاسازانیندا دیارو چالاك بن و کۆی کارکردنیان لە بواری مامۆستایەتی یاسا و دادوەریی وپیشەی پارێزەریی، لە بیست ساڵ کەمتر نەبێت.}**دادوەرو مامۆستایانی یاسا و پارێزەرانە هەڵدەبژێردرێن کە کۆی کارکردنیان لە بواری دادگەدا، یان یاسایی، یان وانەبێژی یاسایی، یان پارێزەر، لە بیست ساڵ کەمتر نەبێت.

**دووەم:** ئەندامانی دادگەی دەستووریی لە لایەن ئەنجومەنی دادوەریی، بە ڕاگۆڕینەوە لەگەڵ سەرۆکی هەرێمی کوردستان، دیاری دەکرێن.

**سێیەم:** ئەندامانی دادگەی دەستووریی، دوای پەسەندکردنی ناوەکانیان لەلایەن پەرلەمانی کوردستانەوە، بە فەرمان(مەرسوم)ێك لەلایەن سەرۆکی هەرێم، دادەمزرێن.

**ماددەی سەد و سیو پێنج:**

دادگە لە نێوان ئەندامەکانی خۆیدا سەرۆکەکەی هەڵدەبژێرێت.

**ماددەی سەد و سیو شەش:**

سەرۆك و ئەندامانی دادگەی دەستووریی و دادگەی پێداچوونەوە(تەمییز)، پێش دەست بەکاربوون بە ئەرکەکانیان، لە بەردەم سەرۆکی هەرێمی کوردستان – عێراق سوێندی یاسایی دەخۆن و دادوەرانی دادگەکانی دیکەی هەرێم، سوێندی یاسایی لە بەردەم سەرۆکی ئەنجومەنی دادوەری دەخۆن.

**ماددەی سەد و سیو حەوت:**

**دادگەی دەستووریی لەم کارانەی خوارەوەدا تایبەتمەند دەبێت:**

**یەکەم: لێکدانەوەی دەقی دەستووریی هەرێمی کوردستان.**

**دووەم: ١- چاودێریکردنی دەستووریەت بوونی یاساکان لە هەرێم، لەسەر داوای سەرۆکی هەرێمی کوردستان، یان ئەنجومەنی وەزیران، یان ئەو کەسەی راستەوخۆ زیانی لێکەوتووە.**

**٢- بڕیاردان لەسەر ڕەوابوونی پەیڕەو و بڕیار و ڕێنوێنیی، لەسەر داوای ئەو کەسەی راستەوخۆ زیانی لێکەوتووە.**

**سێیەم: یەکلاییکردنەوەی ئەو تانەیەی لە داوایەکدا پێشەکەش بە دادگە کراوە سەبارەت بە نا دەستووریەتی یاسایەك، یان ناڕەوابوونی بڕیارێك، یان پەیڕەو یان ڕێنوێنییەك (ڕێنما)، دادگەی بابەتەکەش تا ئەنجامی ئەو تانەلێدانە یەکلادەکرێتەوە، دەبێ سەیرکردنی داواکە دوابخات.**

**چوارەم: پەسەندکردنی ئەنجامی هەڵبژاردنی گشتیی سەرۆکی هەرێمی کوردستان و پەرلەمانی کوردستانی - عێراق.**

**ماددەی سەد و سیو هەشت:**

**مەرجی ئەندامێتی لە دادگە و بە ڕێوەبردنی کارەکانی و چۆنێتی وەرگرتنی داوا و داواکارییەکان، بە یاسا ڕێکدەخرێن**

**ماددەی سەد و سیو نۆ :**

**بڕیارەکانی دادگەی دەستووریی، یەکلاییەو پیادەکردنیان ئەرکی هەمووانە، ئەگەر دادگە لەکاتی یەکلاییکردنەوەی دەستوورێتی یاسایەك، یان ڕەوابوونی پەیڕەو یان ڕێنوێنی یان بڕیارێك بە پێچەوانەی دەستوور، یان یاساوە بدات، دەبێ ئاگاداری دەسەڵاتی پێوەندیدار بکات، تا ئەو کارڕاییانەی بۆ لابردنی سەرپێچییە دەستوورییەکە، یان راستکرنەوەی پێویستن، ئەنجام بدرێت.**

## چوارەم: داواکاری گشتی

**ماددەی سەد و چل:**

**داواکاری گشتی نوێنەرایەتی کۆمەڵ دەکات و بەناوی ئەویشەوە داوای گشتی بۆ بەرگریکردن لە مافی گشتی وچەسپاندنی داد دەکات، هەروەسا چاودێری جێبەجێکردنی یاسای سزادان و سەرپەرشتی کاروباری ڕێکاری دادوەریی و چاودێری پێشێلکاریەکانی یاساو چۆنیەتی جێبەجێکردنی بڕیارو سزاکان، دەکات.**

## پێنجەم: ئەنجومەنی ڕاوێژکاریی(شورا)

**ماددەی سەد و چلو یەك:**

**ئەنجومەنی ڕاوێژکاری(شورا)ی هەرێمی کوردستان، کە بە یاسا دروست دەکرێت، تایبەتمەند دەبێت بەم ئەرکانەی خوارەوە:**

**یەکەم: یەکلاییکردنەوەی ئەو تانانەی تایبەتن بە کارڕایی تەمێکردن و دیسپلین و هەموو کارێك پێوەندی بە ئەرك وخزمەتی فەرمانبەرانەوە هەبێت لە دەزگاکانی حکومەتیدا.**

**دووەم:** یەکلاییکردنەوەی کێشەی تایبەت بە ناکۆکی دەستداریێتی(تنازع الصلاحیات) لەنێوان وەزارەت و دامەزراو و دەزگاکانی حکومەتی هەرێم، لەسەر داوای سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران.

**سێەم:** ئامادەکردن و دارشتنی پرۆژەی یاسا لە هەرێم، لەسەر داوای سەرۆکی هەرێم، یان ئەنجومەنی وەزیران، یان وەزارەتی پەیوەندیدار، یان ئەو لایەنانەی بە وەزارەتێکی تایبەتەوە نەبەستراونەتەوە.

**چوارەم:** ڕادەربرین سەبارەت بەو کێشە یاساییانەی لەلایەن وەزارەت و ئەو لایەنانەی بە وەزارەتێکەوە نەبەستراونەتەوە، کە دەخرێنە بەرچاوی، لەگەڵ یەکلاییکردنەوەی ئەو مەسەلانەی کێشەیان لەسەرەو هەردوو لایەن داوای یەکلاییکردنەوەیان کردووە، هەردوولاش دەبێ بڕیاری ئەنجومەن لەم بارەیەوە پیادە بکەن.

## دەروازەی چوارەم

## بەڕێوەبەرایەتی خۆجەیی و ئەنجومەنی شارەوانیەکان

**ماددەی سەد و چلو دوو:**

دابەشکردنی یەکەکانی بەڕێوەبەرایەتی هەرێمی کوردستان، لەسەر بنەمای پارێزگا و قەزا و ناحیە دەبێت، دروستکردن و دەستنیشانکردن و گۆڕینی ناوەندەکانیان و دیاریکردن و گۆڕینی سنووریان ولێکدابڕان ولکاندنیان بە یەکەیەکی بەڕێوەبەرایەتی دیکەوە، بە یاسا ڕێکدەخرێت.

**ماددەی سەد و چلو سێ:**

**یەکەم:** لە بەڕێوەبردنی یەکەیەکی بەڕێوەبەرایەتی هەرێمی کوردستان دا (پارێزگا، قەزا، ناحیە) پشت بە پرنسیپی ناناوەندی بەڕێوەبەرایەتی(لامەرکەزیەت) دەبەسترێت، و هەریەکەشیان ئەنجومەنێکی خۆجەیی هەڵبژێردراو، بە هەڵبژاردنێکی گشتی نهێنی ڕاستەوخۆی دەبێت، شێوەی هەڵبژاردن و دیاریکردنی ئەرك ودەسەڵاتەکانیان، بە یاسا ڕێکدەخرێت.

**دووەم:** هەموو یەکەیەکی بەڕێوەبەرایەتی لە هەرێمی کوردستاندا ئەنجومەنێکی ڕاپەڕاندنی دەبێت بەسەرۆکایەتی سەرۆکی یەکە بەڕێوەبەرایەتیەکەی، شێوەی دامەزراندن و دیاریکردنی دەسەڵات و ئەرکەکانی و پێوەندی بە ئەنجومەنی خۆجەیی خودی یەکە بەڕێوەبەرایەتیەکە و وەزارەت و دەزگاکانی  ناوەندیی کوردستانەوە، بە یاسا دیاری دەکرێن.

**ماددەی سەد و چلو چوار:**

لە ناوەندی هەر پارێزگاو قەزاو ناحیەو هەرگوندێکیش دا، کە ژمارەی دانیشتوانی سێ هەزار(٣٠٠٠) کەس، یان زیاتربن، شارەوانیێکی دەبێت، کە ئەرکی دیاریکراوی بە پێی یاسا، بە مەبەستی پێشکەشکردنی خزمەتگوزاریی گشتیی بۆ هاووڵاتیان کە، لەلایەن ئەنجومەنێکی شارەوانی هەڵبژێردراوەوە بەڕێوەدەبرێن.

**ماددەی سەد و چلو پێنج:**

**یەکەم:** ئەنجومەنە خۆجەیی{ **ئەنجومەنی پارێزگا**}و شارەوانیی کەسایەتی مەعنەوی خۆیان دەبێت.

**دووەم:** هەموو یەکەیەکی بەڕێوەبەرایەتی و شارەوانی، بودجەی سەربەخۆی خۆی دەبێت.

**ماددەی سەد و چلو شەش:**

لــە پێکهێنــانی ئەنجومــەنی خۆجــەیی{ ئەنجومــەنی پارێزگــا}و شــارەوانییەکاندا، دەبــێ نوێنەرایــەتیکردنی دادوەرانەی ئەو نەتەوانەی لەو یەکە بەڕێوەبەرایەتیە، یان شارەوانییەدا دەژین، ڕەچاو بکرێت، ئەویش بـە یاسا ڕێکدەخرێت.

## دەروازەی پێنجەم

## دەستە و کۆمیسیۆنی سەربەخۆ

### ماددەی سەد و چلو حەوت:

**یەکەم:** بەپێی یاسا ئەم دەستەو کۆمیسیۆنانەی خوارەوە دادەمزرێن:

١- کۆمیسیۆنی باڵای سەربەخۆی هەڵبژاردن و راپرسی لە هەرێمی کوردستان.{دەستەی باڵای هەڵبژاردن لە هەرێمی کوردستان}.

٢- ئەنجومەنی خزمەتگوزاریی (ڕاژەی) مەدەنی.

٣- دیوانی چاودێریی دارایی.

٤- دەستەی گشتی دەستپاکی.

٥- کۆمیسیۆنی پاراستنی مافی گەل (پۆتسمان)

٦- کۆمیسیۆنی تایبەت بە مافی کوردانی فەیلی.

٧- دەستەی گشتی بۆ سەلامەتیی و چاکیی بەرهەمی خۆماڵیی و هێنراوە.

٨- دەستەی سەربەخۆی کوردستان بۆ ڕاگەیاندن و پێوەندیکردن.

**دووەم:** پێکهێنانی ئەم ئەنجومەنەی خوارەوە بە یاسا دەبێت:

١- ئەنجومەنی راوێژکاری بۆ کاروباری دارایی و کۆمەڵایەتی.

٢- ئەرکی ئەم ئەنجومەنە پێشکەشکردنی ڕاوێژکارییـە لـە کاروبـاری دارایـی و کۆمەڵایـەتیـدا بۆ سەرۆکایەتی هەرێم و پەرلەمانی کوردستان و ئەنجومەنی وەزیران.

### ماددەی سەد و چلو هەشت:

ئەو دەستەو کۆمیسیۆنانەی بەپێی برگـەی یەکـەمی مـاددەی سـەدو چلو حـەوت دادەمـەزرێن، لـەژێر چـاودێری پەرلەمانی کوردستان دا دەبن، ئەوش بە یاسا ڕێکدەخرێت.

## دەروازەی شەشەم

## بڕیارگەلی دارایی

### ماددەی سەد و چلو نۆ:

**یەکەم:** دانانی باج، یان فەرمانە(رەسم)و دەستکاریکردن، یان لابردنیان، یـان خۆشـبوون لـە کەسـێك بـە دانیان بە یاسا دەبێت، کەسیش داوای ئەرکێکی دی لێ ناکرێت ئەگەر بە یاسا نەبێت.

**دووەم:** کەسانی کەم دەرامەت لە باجدان دەبووردرێن، تا ژیانێکی ئاساییان بـۆ مـسۆگەربکرێت، ئـەویش بە یاسا ڕێکدەخرێت.

### ماددەی سەد و پەنجا:

داهاتەکانی هەرێمی کوردستان لەمانەی خوارەوە پێکدێن:

**یەکەم:** دەسکەوتی باج و فەرمانە(رەسم)و کرێی خزمـەتگوزاریی شوێنەکانی گشتیی و داهاتی دەزگـاو کۆمپانیـاو بەرژەوەندیـەکانی گـشتیی لـە هەرێمـدا، لەگـەڵ خـەرجی وەرگـرتن و بـەڕێوەبردن و کۆکردنەوەی باج وفەرمانە(رەسم)ی گومرك وهی دیکەش، کە داهاتی حکومـەتی فیـدرالن لـە هـەرێمی کوردستاندا. .

**دووەم:** دەسکەوتی وەبەرهێنانی سامان و کەرەسە خاوەکانی سروشتی لە هەرێم دا.

**سێیەم:** ئەو بەخشراو و دیارییانەی بە حکومەتی هەرێم دەدرێن.

**چوارەم:** قەرزە ناوخۆیی و دەرەکییەکانی تایبەت بە هەرێمی کوردستان.

**پێنجەم:** بەشی هەرێم لە دەسـکەوتی سـامانی نـەوت و گـازو فەرمانـە(رەسمی)ی گـومرگ و داهاتـەکانی دیکەی فیدرالی.

**ماددەی سەد و پەنجاو یەك :**

سالّی دارایی بە یاسا دیاری دەکرێت.

**ماددەی سەد و پەنجاو دوو:**

**یەکەم:** لە هەموو ساڵێکی داراییدا یاسایەکی تایبەت بە بودجەی هـەرێمی کوردسـتان پەسـەند دەکرێـت کە داهات و خەرجە خەملێنراوەکان لەخۆدەگرێت.

**دووەم:** پرۆژەی بودجـەی سـاڵی دارایـی سێ مـانگ، بـەر لـە کۆتاییهـاتن بـە سـاڵی دارایـی، پێـشکەش بـە پەرلەمانی کوردستان – عێراق دەکرێت.

**سێیەم:** لەحاڵەتی دواکەوتنی ئامـادەکردن، یـان پێـشکەشکردنی پـرۆژەی بودجـەی هـەرێم لـە سـەرەتای ساڵی داراییدا، لەبەر هەر هۆیـەك بێـت، حکومـەتی هـەرێم بـۆ هـەرمانگێك بـە رێـژەی ١/ ١٢ ئیعتمـادی پەسەندکراوی بودجەی ساڵی دارایی پێشوو، خەرج دەکات.

## دەروازەی حەوتەم

## حوکمە کۆتاییەکان

**ماددەی سەد و پەنجاو سێ:**

سەرۆکی هەرێم و سەرۆکی پەرلەمانی کوردستانی عێراق و ئەندامانی پەرلەمان و سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران وجێگرەکەی و وەزیرەکان و دادوەرو داواکارانی گشتی و جێگرەکانیان و خاوەن پایە تایبەتەکان و بەڕێوەبـەرانی گشتی و ئەوانەی پایەی ئەوانیان هەیە، ناکرێت شتێك لە مـاڵی گـشتی بکـڕن، یـان بـە کرێـی بگـرن، یـان شـتێکی خۆیان بەکرێ بە دەزگایـەکی حکومـەتی بـدەن، یـان پێـی بیفرۆشـن، یـان رێککـەوتنی راسـتەوخۆ، یـان بـە هـۆی کەسێکی کەوە لەگەڵیا ببەستن، یان پابەند بن وەك هێنەر، یان بەڵێندەر.

**ماددەی سەد و پەنجاو چوار:**

کار بـە دەقێکی دەسـتووری، یـان بـە یاسایـەکی فیـدرالی ناکرێـت کـە لـە دەسـەڵاتە تایبەتمەندیـەکانی دەسـەڵاتی فیدرالـدا نـەبێت و ببێتـە هـۆی کەمکردنـەوەی دەسـەڵاتەکانی هـەرێمی کوردسـتان، مەگـەر پەرلـەمانی هـەرێم پەسەندی بکات و گەلی هەرێمی کوردستانیش، لە راپرسییەکی گشتیدا، بە زۆرینەی دەنگی بەشداربووان، دەنگـی بۆ بدات.

## ماددەی سەد و پەنجاو پێنج:

**یەکەم:** ئەو زەویانەی لە هەرێمی کوردستاندا چارەسەرکردنیان تەواونەبووە، یان ئەوانەیان کە بڕیاری کۆتایی چارەسەریان نەدراوە، بڕیاری ماددەی دوانزەی یاسای چاکردنی کشتوکاڵی ژمارە ١١٧ی ساڵی ١٩٧٠ دەیانگرێتەوە، جێبەجێکردنی بڕیاری ماددەی هەشت لە یاسای ژمارە ٩٠ی ساڵی١٩٧٥ ڕادەگیرێت.

**دووەم:** دادگەکان تایبەتمەند دەبن بە سەیرکردنی داوای قەرەبووکردنەوەی مافی ئەو زەویانەی پێشتر لەلایەن حکومەتەوە بەمەبەستی سوودی گشتی دەستیان بەسەرداگیراوە و بڕیارەکانی بڕگەی یەکەمی سەرەوە، کە هێشتا مافی پێوەندیدار لەلایەن لیژنە تایبەتمەندەکانەوە جێگیر نەکراون. {**ئەم ماددەیە چاکترە لە یاسای تایبەت بە زەویی و زاری کشتووکاڵی جێگای خۆی بکاتەوە، نەك لە دەستووردا، بە تایبەتی حوکمەکەی بۆ ماوەیکی دیاریکراوە**}

## ماددەی سەد و پەنجاو شەش:

دادگەی پێداچوونەوە"تەمییز"ی هەرێمی کوردستان، جگە لە تایبەتمەندییە ئاساییەکانی خۆی، دەقەکانی ئەم دەستوورە لێکدەداتەوە و نادەستووریێتی یاساو بڕیارو پەیڕەو و ڕێنوێنییەك لەو داوایانەی خراونەتە بەردەم دادگە ڕادەگەیەنێت، تا دادگەی دەستووریی لە هەرێمی کوردستاندا دادەمەزرێت.

## ماددەی سەد و پەنجاو حەوت:

یاسا لە رۆژنامەی فەرمی هەرێمی کوردستان – عێراق "وەقائعی کوردستان"{**پێشنیاز دەکەم ناوی ئەم رۆژنامەیە "هەرێمی کوردستان" بێت، با لەمەشدا وشەیکی عەرەبی "وەقایع" بەکارنەهێنین و چاو لە بەغدا نەکەین**} بڵاودەکرێتەوە و لەرۆژی بڵاوکردنەوەی کاری پێدەکرێت، مەگەر دەقێك بە پێچەوانەی ئەوەوە هەبێت.

## ماددەی سەد و پەنجاو هەشت:

ئەم دەستوورە، دوای ڤایلبوونی زۆربەی دەنگدەرانی گەلی هەرێمی کوردستان – عێراق لە ڕاپرسییەکی گشتیدا، بە پەسەندکراو دادەنرێت.

## ماددەی سەد و پەنجاو نۆ:

**یەکەم:** سەرۆکی هەرێم و ئەنجومەنی وەزیران پێکەوە، یان نیوەی ژمارەی ئەندامانی پەرلەمان دەتوانن پێشنیازی هەموارکردن لەم دەستوورەدا بکەن، بەمەرجێك ئەو هەموارکردنە نەبێتە هۆی دەستکاریکردنی سستمی کۆماریی پەرلەمانیی دیموکراسی لە هەرێم و گۆڕینی یەکێتیی خاکەکەی.

**دووەم:** پەرلەمانی کوردستان – عێراق بە ڕێژەی دوو لەسەر سێی (٣/٢) ژمارەی ئەندامانی بڕیار لەسەر پێشنیازەکە دەدات.

**سێیەم:** ڕاپرسی مافێکی ڕەوای هاووڵاتیانی کوردستانە و لە ٪٢٥ ی ئەوکەسانەی مافی دەنگدانیان لە هەرێمدا هەیە، دەتوانن داوای ڕاپرسی بۆ بابەتێکی دیاریکراو بکەن، بەمەرجێك بە یاسا ڕێکبخرێت و ئەنجام بدرێت.

**چوارەم:** دوای تێپەربوونی شەست رۆژ بەسەر پەسەندکردنی ئەو هەموارکردنە لەلایەن گەلی هەرێمی کوردستانەوە لە ڕاپرسییەکی گشتیدا، هەموارکردنەکە جێبەجێ دەکرێت.

**ماددەی سەد و شەست:**

**لە رۆژی پەسەندکردنی ئەم دەستوورە لە راپرسییەکی گشتیدا، دەستوورەکە جێبەجێ دەکرێت و سەرۆکی هەرێم بۆ ماوەی دە رۆژ لە رۆژنامەی فەرمی (وەقائیعی کوردستان){ هەرێمی کوردستان}دا بلاوی دەکاتەوە.**

**هەولێر ٨ی ئۆکتۆبەری ٢٠٠٦**